# حُكمُ السُترة في الصَلاة

# حوكمی
# سوترە لە نوێژدا

## لەبەر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودە صەحیحەکان

تەخریجی فەرموودەکان
لەسەر پەرتوکەکانی شێخ محمد بن ناصر الدين الالبانی کراوە
ڕەحمەتی خوای لێبێت


دانانی
ئیمام عبد اللّٰه

حُكمُ السُترة في الصَلاة

# حوكمی

# سوترە لە نوێژدا

لەبەر ڕۆشنایی قورئان و فەرمووده صەحیحەكان

تەخریجی فەرموودەكان لەسەر

**پەرتوكەكانی زانای پایە بەرز شێخ محمد بن ناصر الدين الالبانی كراوه**

رەحمەتی خوای لێ بێت


دانانی

**ئیمام عبدالله**

بسم اللّٰه الرحمن الرحيم

## بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، اللهم لا سهل إلا ما جعلته سهلا وأنت تجعل الحزن إذا شئت سهلا.

**(( بُعِثتُ بالسَيفِ بَينَ يَدَي الساعَة حَتى يُعبَدَ الله تعالى وَحدَهُ لا شَريكَ لَهُ، وَ جُعِلَ رِزقي تحتَ ظِلِ رُمحي وَجُعِلَ الذُلَ والصَغارَ على مَن خالَفَ أمري، وَمَن تَشَبَهَ بِقَومٍ فَهوَ مِنهُم )).**[1] واته: من نێردراوم به پێغهمبهری خوا، كه ههتا دوا ڕۆژ به شمشێر (سهیف) جهنگ و جیهاد و كوشتار بكهم، ههتا خوای گهوره به تهنها بپهرسترێت و شهریكی بۆ بڕیار نهدرێت، واته ههتا به تهواوهتی تهوحید و یهكتا پهرستی لهسهر ڕووی زهوی بهرقهرار دهبێت و حوكم ههر بۆ خوای گهوره دهبێت، وه ڕزق و ڕۆزیشم بۆ كراوهته

[1] ) صحيح: رواه احمد في المسند برقم (4944) و (4589) عن عبدالله بن عمر بن الخطاب القرشي، و رواه الطبراني في (مسند الشاميين) برقم (1211) ، و رواه البيهقي في (شعب الايمان) برقم (1198) ، و رواه (ابن شيبة) برقم في (المصنف) برقم (19006) و (19042) و (32361)، و رواه الطحاوي في (المشكاة الاثار) برقم (198) ، و رواه أيضا الامام (ابن المبارك) و (خطيب البغدادي) في كتاب (الجهاد) و (الفقيه والمتفقيه) عن طاوس بن كيسان اليماني، وأيضا عن انس بن مالك بن نضر بن ضمضم البخاري، برقم (758)، و (104)، و صححه الالبانى رحمه الله في (صحيح الجامع الصغير للسيوطي) برقم (2831) و (مشكاة الفقر) برقم (24) و (صحيح الجامع الصغير) برقم (2828) وقال الالبانى وهذا حديث صحيح و رجاله كلهم ثقات، و صححه شيخ المحدثين احمد شاكر المصري في تخريجه لكتاب مسند امام أحمد بن حنبل رحمهم الله تعالى أجمعين ....

ژێر سێبەری نێزه (رمح)هكهمهوه، واته (فهیئو غهنیمهت)، وه ههركهسیش پێچهوانهم بكات لهم كارهدا و لهم ڕێگای من لابدات، تهنها ڕیسوای و زهلیلی بۆ دهمێنێتهوه، وه ههركهس خۆی بچوێنێت به ههر گهل و هۆزێكی دیكهوه، ئهویش لهوانه، واته لهمن نییه )).

ئیبن قوتتهیبه له باره و وهسفی ئههلی سهلهف بهرامبهر (عیلم) وفێربوونی دهفهرموێت:

**كان طالب العلم فيما مضى:**

**يَسمع لِيَعلَم, ويَعلَم لِيَعمَل, وَيَتفَقَّه في دين الله لِيَنتفِعَ وينفع**

**وقد صار الآن:**

**يَسمَع لِيَجمَع, وَيَجمَع لِيُذكَر, وَيَحفَظ لِيَغلب وَيفخَر**

لهو سوننهتانهی كه پێویسته خهڵكانی موسوڵمانی لێ بهئاگا بێنینهوه و، فێریان بكهین، ئهو سوننهته لهبیر كراوهیه لای زۆربهی موسوڵمانان، بهجۆرێك لهبیر كراوه ههر وهك بڵهی پێغهمبهری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێك له ڕۆژان ئهم ئوممهتهی لهسهری فێر نهكردبێت، ئهویش سوننهتی دانانی سوترهیه بۆ نوێژ كردن، كه ئێستا به جۆرێك ناموٚ بووه وهك بڵهی ههر سوننهت نهبووه، ئیتر بهم جۆره سوننهت دهمرێت و بیدعه زیندوو دهبێتهوه، ههتا وای لێ دێت سوننهتهكان ناموٚ و غهریب

دەبن، وەك لە زۆربەی (آثار)ەکاندا هاتووە: **((تموت السنن وتحي البدع، فإذا أحييت سنة قيل: بدعة، وإذا انتشرت بدعة قيل: إنها سنة))**. واتە: سوننەتەکان دەمرن، و بیدعەکان زیندوو دەبنەوە، ئەگەر سوننەتێك زیندوو بکەیتەوە دەڵێن: بیدعەیە، خۆ ئەگەر بیدعەیەك بڵاو بێتەوە دەڵێن: ئەوەیە سوننەت )).

لەبەر ئەوە واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی شارەزاو پێداگروو شوێن کەوتەی سوننەت کە ئاگاداربێت لەم سوننەتە، ئەگەر لە قوتابی و ئەهلی عیلم بوو با زیندووی بکاتەوە، خۆ ئەگەر لەوانە نەبوو با بپرسێت هەتا زیندوو بێتەوە، هەرکەس سوننەتێك زیندو بکاتەوە کە مردووە ئەوە خێرو ئەجرێکی بۆ دەنوسرێت، چونکە لە فەرموودەیەکی مەشهوردا هەیە کە ئیمامی موسلیم و جگە ئەویش لە جەریری کوری عبداللە ی البجلی ریوایەتی کردووە: دەگێرێتەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **((من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها إلى يوم القيامة دون أن ينقص من أجرهم شيء ، ومن سن في الإسلام سنة سيئة فعليه وزرها ووزر من عملا بها إلى يوم القيامة دون أن ينقص من أوزارهم شيء))**.

**(( من سن في الاسلام سنة حسنة))** واتە: هەرکەس ڕێگەیەك بکاتەوە بۆ سوننەتێکی شەرعی، چونکە سوننەتی چاك یان سوننەتی خراپ تەنها لە ڕێگەی شەرعەوە دەزانرێت، نەك لە ڕێگەی عەقڵەوە، ئەگەر مرۆڤێك ئەندازەی گەردێك ئیمانی هەبێت بۆی نییە کە شتەکان بەعەقڵی خۆی چاك و خراپ بکات، چونکە ئەمە لە ڕێچکە و مەزهەبی (موعتەزیلە)یە، جا

ئەگەر لە کۆنەکانیان بن، یان لەمانەی ئێستا شوێنیان کەوتوون، ئەوانەی کە شتەکان بۆ خەڵکی دەشەرعێنن بە هەواو هەوەسی خۆیان، لەجێگەی ئایەتەکانی خوای گەورە و، فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو بانگ خوازێکی راستگۆی ئیسلام ، کە ئەو سوننەتانەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە خەڵکی رابگەیەنن ...

لەو سوننەتە بیرکراوانەش، کە ئێستا لەناو زۆربەی نوێژ خوێناندا بۆتە شتێکی نامۆو غەریب، وە لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا مردووە و، وون بووە، سوننەتی (سوترە)یە لە نوێژدا، وە ئەڵێم سوننەت لەسەر ئەوەی کە سوننەتی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) بۆ هەموو نوێژ خوێنێك، نەك بەواتای ئەوەی بڵێم واجب نییە، چونکە (سوننەت) دوو (اصطلاح) زاراوەی هەیە:

**یەکەم:** لەرووی زاراوە شەرعییە زمانەوانی یەکەیەوە.

**دووەم:** لە ڕووی زاراوە (فیقھ) ی یەکەیەوە.

وشەی سوننەت (السنة) لە زوبانی عەرەبیدا، کە شەریعەتی ئیسلامی پێهاتووە، بریتیە لە (مەنھەج) یان (سبیل – ڕێگە یان ڕێباز)، وە ڕێگەو ڕێبازیش ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەسەری بووە و لەسەری رۆشتووە، پاشان دابەش دەکرێت بەسەر ئەوەی: کە فەرزە و ئەوەشی کە سوننەتە، لە زاراوەی (فیقھ)یدا، وە زاراوەی (فیقھ) وەك دەزانن بە نیسبەت سوننەتەوە: بەوە دەڵێن کە بکەرەکەی بە ئەنجام دانی پاداشت وەردەگرێت و بە ئەنجام نەدانی سزا

نادرێـت، (واتـه بـه پێچـەوانەی فەرزەوە)،واتـه ئـەوەی کـه فـەرز نییـه، وە (سـوننەت)یش دابـەش دەکرێـت بەسـەر دوو جـۆردا، جۆرێکیـان پێـی دەڵـێن: سوننەتی (مؤکدة) و، جۆرێکی تریـان پێـی دەووترێـت سـوننەتی (مسـتحبة)، واتـه سوننەت لـه زوبـانی شـەرعدا هـەموو ئـەحکام و بریـارە شـەرعییەکان دەگرێتـەوە، ئـەو ڕێگەیـە کـە پێغەمبـەرمان (صلـى الله علیـه وسـلم) لەسـەری بـووە و لەسـەری ڕۆشتووە، وە تێگەیشتنیش له دابـەش کـردن و جیاکردنـەوەی ئەمـەش لـه ڕێگـەی دەقەکانی (کیتاب) و (سوننەت)ە وە دەبێت، کـه سـوننەتی (فیقـه)ی ئەوانـەن کـه شەرع سنووری کردوون و باس کراون و فەرز نین ...

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە بەردەوام باس لەو سوننەتانە دەکەین کە خەڵکی موسوڵمان مراندویانە، و بۆتە شتێکی نامۆو غەریب لە پێش چاوی خەڵکیدا، بەو جۆرەی هەرجارێك باسی سوننەتێك دەکەین دەمە قاڵەو قسەیەکی زۆری لەسەر دروست دەبێت، ئەمەش تەنها لەبەر هەڵنەسانی ئەهلی عیلمە بە واجبی سەرشانیان لە فێرکردنی خەڵکی و ئاگادار کردنەوەیان بە سوننەت و، شاردنەوە و کیتمانی عیلمیان، تەنها کەمینەیەك نەبێت ، وە ئەو کەمینەیە ئەو نامۆو غەریبانەن کە پێغەمبەری خوا وەسف و سەنای کردوون لە فەرموودەکاندا، ڕەنگە هەندێکمان یان کەمێکمان بیستبێتمان، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **((بَدَأ الاسلام غريبا وسيعودوا كما بَدَأ غَريبا فطوبى للغُربَاء))**.
واتە ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێکرد، وە هەر بە نامۆییش دەگەڕێتەوە، سەربەرزی و داری (طوبا) بۆ نامۆکان)). وە دوو ریوایەتی دیکە هاتوون کە شێوازو سیفاتی ئەو دەستەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و باس دەکەن، کە طوباء و چارەنووسی سەر فرازییان بۆ هەیە، کە لە دانەیەکیاندا هاتووە: هاوەڵەکان پرسیان ئەی پێغەمبەری خوا کێن ئەو غەریبانە؟ فەرمووی : **((أناس صالحون في أناس سوء كثير من يعصيهم أكثر ممن يطيعهم))** واتە:

كەسانێكی چاك و بۆ خوا صوڵحاون، لەناو خەڵكانێكی تاوانبارو خراپەكاردان، كە ئەوانەی دژایەتیان دەكەن زۆر زیاترن لەوانەی گوێڕایەڵیان دەكەن))./ واتە كەسانێكی نامۆن و خەڵكی خۆشیان ناون و بەرهەڵستی یان دەكەن/ موسلیم گێڕاوی یەتەوە (1273).

---

[2] تێبینی یەكی گرنگ :

مەرج نییە هەموو ئەو كەسانەی خۆیان بدەنە پاڵ سوننەت و هەندێك لە سوننەتە بەرزەكانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زیندوو بكەنەوە لەو دەستە سەرفرازە بن (غرباء)/ بەڵكو ئەم دەستە مەرجیان زۆرە، كە یەكێكی دیكە لەو مەرجانەی ئەم دەستەیە ئەوەیە بەردەوام خەریكی هیجرەت و جیهادن و دژی كافران و موشریكین دەجەنگن و كوشتار دەكەن ، چونكە هەر لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **((النزاع من القبائل))** واتە: نامۆكان ئەوانەن كە خۆیان لە هۆزەكانیان دەماڵن و هیجرەت دەكەن و تێ دەكۆشن)) . هەروەها لە فەرموودەیەكی صەحیحی دیكەدا لە وەسف و باسی ئەم دەستە ئیمامی موسلیم و ئەحمەد ریوایەتیان كردووە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **(( لا تزال طائِفَةٌ مِن أمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الحَقِّ ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ نَاوَأَهُمْ حَتَّى يُقَاتِلَ آخِرُهُمُ المَسِيحَ الدَّجَّالَ ))** واتە : بەردەوام تا ڕۆژی دوایی دەستەیەك لە ئومەتەكەم شەڕ دەكەن و دەجەنگن لەسەر حەق دژ بەهەموو ئەوانەی دژیان دەوەستنەوە، هەتا كۆتا كەسیان دژی مەسیحی دەجال دەجەنگێت)). هەروەها ئیمامی موسلیم دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : **((لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِن أمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الحَقِّ ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ قَالَ فَيَنْزِلُ عِيسَى ابنُ مَرْيَمَ فَيَقُولُ أَمِيرُهُمْ تَعَالَ صَلِّ لَنَا فَيَقُولُ لَا إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ أُمَرَاءُ تَكْرِمَةَ اللهِ هَذِهِ الأُمَّةَ)).**

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت : فهذا من شرطها (الغرباء) القتال في سبيل الله

ئەوەتا دەبینین ئەم وەسفەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زۆربەی خەڵكی دەگرێتەوە، كە بەداخەوە دەبینین ئەمڕۆ زۆربەی خەڵكی نازانن، وە زۆربەی خەڵكی (لا يتقون) تەقوای خوای گەورەیان نییە، وە ئەو دەستە چاكە كارو صالیحە زۆر كەمن، وە لەناو خەڵكانێكدان كە ئەوانەی بەگوێیان ناكەن زۆر زیاترن لەوانەی كە گوێڕایەڵیان دەكەن، وە لە فەرموودەیەكی دیكەدا هاتووە: كە پرسییان لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەو دەستە كێن؟ فەرمووی: **((هم الذين يُصلحون ما أفسد الناس من سنتي من بعدي))**.واتە: ئەوانەن كە صالیح و چاكە كار دەبن كاتێك خەڵكی فاسید و خراپ دەبن لە ڕێباز و سوننەتم پاش مردنم یان پاش من)). ئێستا باسی ئێمە ئەمەیە: لەو سوننەتانەی كە خەڵكی فاسدیان كردووە، بە پشت تێكردن یان لەوەی كاری پێ بكەن، هەتا بەوەی زۆربەی پێش نوێژی مزگەوتەكان كە واجبە نمونەو قدوە بن بۆ خەڵكی، پشتیان لەم سوننەتە كردووە، كە وایان لێهاتووە زۆربەیان لە ناوەراستی

---

لإظهار الدين بدليل قوله: ( **ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ نَاوَأَهُمْ**) أيْ : عَادَاهُمْ ، وَهُوَ مَأْخُوذ مِنْ نَأى إِلَيْهِمْ وَنَأَوْا إِلَيْهِ ، أيْ نَهَضُوا لِلْقِتَالِ"اهـ./ سەیری (منهج الغرباء في مواجهة الجاهلية) بكە.

**بەلأم** ئەمرۆ كەسانێكی زۆر پۆشاكی غورەبائیان پۆشیوە، بەڕواڵەت و ڕووكەش سەیریان دەكەیت غەریبن، بەلأم لە بیرو باوەردا پێچەوانەی ئەم دەستەن، لەگەڵ ئەوەشدا تەعطیلی جیهاد دەكەن و موالاتی كوفار و مورتەدین دەكەن بەسەر ئەهلی تەوحیدو جیهاد دا.../ پێویستە موسوڵمان ئاگادار بێت و بەتەدلیسی ئیبلیسانەی ئەو تاقمە بەناو غورەبائانە تێنەكەوێت، چونكە ئەوانە (غرباء) نین ....

مزگەوتەكەدا نوێژ دەكەن بەبێ ئەوەی سوترەیەك دابنێن، وە زۆربەی خەڵكی كاتێك دێنە ناو مزگەوت و، نوێژی (تحية المسجد) دەكەن یان نوێژی سوننەت دەكەن، تەنها كەمێك نەبێت كە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ئیلا هەموویان بەبێ سوترە نوێژ دەكەن، یان ناچنە بەردەم كەسێكی دانیشتوو كە زیكری خوای گەورە دەكات و بیكەنە سوترە، چونكە ئەو كەسەی دانیشتووە دەبێتە سوترە، یان حوكمی سوترەی هەیە، بەڵكو هەر شوێنێكی ئاسانی بۆ هەڵكەوت نوێژی خۆی دەكات، لەگەڵ ئەوەدا هەموو بەردەمی بۆشاییە، وە دەشزانین كە چەندەها فەرموودەی صەحیح لە پێغەمبەری خوداوە هاتوون (صلى الله عليه وسلم) لە بارەی سوترە و حوكمی سوترەو چۆنییەتی نوێژی پێغەمبەری خوا روو بەسترە ....[3]

بە ئیزنی خوای گەورە لەم نامیلكەدا باس لە حوكمی ئەم سوننەتە مرێنراوە دەكەین، ئەویش سوترە، لەبەر رۆشنایی فەرموودە صەحیحەكان و كاری هاوەڵان و وتەو كرداری پێشینان مان، هەتا بەڵكو خوای گەورە بیكاتە مایەی خێرو زیندو كردنەوەی ئەم سوننەتە و، خوای گەورە پاداشتی خێری ئێمەش بداتەوە لەسەر ئەم كارە موتەوازیعە ....

[3]) ئەمەش پێشەكییەكی شێخ ئەلبانی بوو رەحمەتی خوای لێ بێت لەسەر سوترە ...

# سوتره

**پێناسەی سوتره یان بەربەست :**

له زمانەوانیدا سوتره بەو شته دەوترێت که شتێکی دیکەی پێ دەشاردرێتەوە، بەلاّم سوتره له رووی شەرعییەوە: بەو شته دەڵێن که نوێژ خوێن یان ئیمام لەبەردەم خۆیدا دایدەنێت، هەتا کەس به بەردەمیدا نەڕوات.

## حوكمی سوتره له نوێژدا

## لەبەر ڕۆشنایی فەرمووده صەحیحەکاندا

هەرچەنده زانایانی پێشین و مەزهەبەکان خیلاف و جەدەلێکی زۆریان هەیه لەم بارەوە، بەلاّم لەسەر بنەمای فەرمووده صەحیحەکان و وتەی پێشینان و بەبێ دەمار گیری بۆ هیچ مەزهەب و زانایەك، حوکمی راست و ئەرجەح ئەوەیه: **(که سوتره واجبه بۆ نوێژ)**، جا نوێژی سوننەت بێت یان فەرز، بۆ ئافرەت بێت یان پیاو، له مزگەوتدا بێت یان له دەشت و بیاباندا، ئەم حوکمه جیاوازی نییه (والله أعلم)، لەبەر بوونی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەسەری، وه رواڵەتی ئەمرو فەرمانەکەش بۆ و(جوب)ە، نەك بۆ (مەندوب)، وه حیکمەت و عیلەتەکشی دیاری کردووه، ئەویش که بریتیه له دوور خستنەوەی نوێژ له خراپی و فەساد بوونی، وه ئاشکراشه که بەنده فەرمان پێکراوه به دوور کەوتنەوه له

هەموو ئەو شتانەی كە بەندایەتی و عیبادەت خراپ و فاسد دەكات، ئەویش لەبەر بوونی ئەم فەرموودانە:

**فەرموودەی یەكەم:**

له موسنەدی ئیمام (احمد) و (سوننەن)ەكان و (موعجەم)ەكاندا بە صەحیحی هاتووە و سابت بووە، كە هاوەڵی بەڕێز (سەهلی كوری عبدالله ی كوری حەثمە) خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: **((إذا صَلى أحَدُكُم فَليُصَلِ إلى السُترة وَليَدنُ مِنها لا يَقطعَ الشَيطان عَلَيهِ صَلاتهُ))**.[4] واتە: ئەگەر كەسێك لە ئێوە ویستی نوێژی بكات، با ڕوو بە ڕووی سوترەیەك یان بەربەستێك نوێژ بكات و، لێی نزیك ببێتەوە، بۆ ئەوەی شەیتان نوێژەكەی پێ نەبڕێت )).

**شێخ ئەلبانی لەسەر فەرموودەكە دەڵێت:**

ئەگەر پیاو لەناو ژوورێكدا بوو بە تەنها، دەبێت هەر سوترە دابنێت، ئەگەر پرسی بۆچی خۆ هیچ كەسێك لێرە نییە هەتا بە بەردەم نوێژەكەدا بڕوات، ئەوە پێی دەڵێین: چونكە عیلەتی فەرموودەكە تەنها مرۆڤ نییە،

---

[4]) صحیح: فەرموودەكە صەحیحە، ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەكەیدا بە ژمارەی (15756) ریوایەتی كردووە، وە ئەبو داود بە ژمارەی (695) و (نەسائی) بە ژمارەی (748) و (ئیبن خوزەیمە) بە ژمارەی (803) و ئیمامی سیوطی لە (صحيح الجامع الصغير)دا بە ژمارەی (650) هێناوییەتی، وە شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (مشكاة المصابيح) و (تمام المنة) و (صفة الصلاة النبي) و (سیلسیلەی صەحیحە) و جگە ئەوانیش پلەی صەحیحی پێداوە و دەفەرموێت فەرموودەیەكی صەحیحە ...

بەڵكو ڕەنگە جنۆكەش بێت، كە ئادەمیزاد نایبینێ ئەویش شەیتانە، جا ئەم قسەش بە ئاشكرا لە فەرموودەكەدا هاتووە: **((لا يَقطعَ الشَيطان عَلَيهِ صَلاتهُ))**. چونكە ئاشكرایە كە مرۆڤ شەیتان نابینێت بەڵام ئەوان لە دەورومانن، ئەویش بە بەڵگەی ئایەتی:

**﴿إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾**.واته:شەیاتینەكان و نەوەو و پێوەندەكانیان هەمیشە ئێوە دەبینن، بەڵام ئێوە ئەوان نابینن)) الاعراف(27)...[5]

**فەرموودەی دووەم:**

ئیبن خوزەیمە و بەیهەقی و ئیمامی حاكم و جگە ئەوانیش بە سەنەدێكی (حسن) لە عبدالله ی كوری عومەرەوە خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕنەوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **(( لا تصَلِّ إلا إِلَى سُترَةٍ ، وَلا تدَعْ أحَدًا يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْكَ ، فإِنْ أبَى فلْتقَاتِلهُ ؛ فإِنَّ مَعَهُ القَرِينَ ))**.[6] واتە: نوێژ مەكە تەنها ڕووبە سوترەیەك نەبێت، وە مەهێڵە هیچ كەسێك بە بەینی تۆو سوترەكەتدا بڕوات، ئەگەر هەر ڕۆشت ئەوە مەهێڵە و ڕێگری بكە، چونكە ئەوە شەیتانی لەگەڵدایە )).

---

[5] ) أهمية وضع السترة في الصلاة للألبانی/ خولەكی (9) پرسیاری سێیەم.

[6] ) إسناده حسن: ئیبن خوزەیمە لە (صەحیحە)كەیدا و ئیمامی بەیهەقی لە (سونەن)ە كەیدا و، ئیمامی حاكم لە (المستدرك على الصحيحين) داو جگە ئەوانیش بە مەرفوعی لە عبدالله كوری عومەرەوە ریوایەتیان كردووە، شێخ ئەلبانیش لە (صفە الصلاە) و (تمام المنە)دا دەفەرموێت: سەنەدەكەی چاكە والله أعلم.

**فەرموودەی سێیەم:**

ئەبو داود و ئیبن ماجه و ئیمامی (بەیهەقی) و (ئەحمەد) له ئەبو سەعیدی خودری یەوە ئەویش له باوکییەوە دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **((ذا صَلَى أحَدُكُمْ فَلْيُصَلِّ إِلَى سُتْرَةٍ وَلْيَدْنُ مِنْهَا وَلَا يَدَعْ أحَدًا يَمُرُّ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا فَإِنْ جَاءَ أحَدٌ يَمُرُّ فَلْيُقَاتِلْهُ فَإِنَّهُ شَيْطَانٌ)).**[7] واته ئەگەر کەسێك له ئێوە ویستی نوێژ بکات با ڕوو بە ڕووی سوترەیەك نوێژ بکات، و لێی نزیك ببێتەوە، وە نەیەڵێت هیچ کەس بە نێوانی خۆی و سوترەکەیدا بڕوات، خۆ ئەگەر کەسێك هاتوو ویستی بڕوات با نەیەڵێت و ڕێگری بکات، چونکه ئەوە شەیتانه )).

**فەرموودەی چوارەم:**

ئیمامی بوخاری و ئەحمەد له بیلالەوە خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕنەوە: **((كان صلى الله عليه وسلم يقف قريبا من السترة فكان بينه وبين الجدار ثلاثة أذرع)).**[8] واته: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کاتێك نوێژی دەکرد خۆی نزیك دەکردەوە له سوترەکەی، وە له نێوان خۆی

---

[7] ) صحيح: فەرموودەکە صەحیحه له زۆرێك له کتێبەکانی فەرموودەدا بە صەحیحی هاتووه، لەوانەش موسنەدەکەی ئیمام ئەحمەد و، سوننەنی ئیبن ماجه و ئەبو داود و بەیهەقی و جگە ئەوانیش، شێخ ئەلبانی له (صحيح الجامع الصغير) و (صحيحی ئیمامی ئیبن خوزەیمە) و (صفه الصلاه)دا پلەی صەحیحی پێداوە و دەفەرموێت صەحیحه بە ژمارەی (651)...

[8] ) ئیمامی بوخاری بە ژمارەی (2/459) ریوایەتی کردووە ، ئیمام ئەحمەدیش له موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە.

و ديواره‌كه‌دا ئه‌ندازه‌ى (سێ) باڵ بوو )). واته پێغه‌مبه‌رى خوا كاتێك ده‌وه‌ستا بۆ نوێژ كردن (سێ) باڵ له‌ ديواره‌كه‌وه‌ دوور بوو ))./ وه‌ هه‌ر له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا ئيمامى بوخارى و موسليم له‌ سه‌هلى كورى سه‌عدى ئه‌لساعدى، ريوايه‌تيان كردووه‌ كه‌ ده‌گێڕێته‌وه‌: **((كان بين مصلى رسول الله صَلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَمَ وبين الجدار ممر الشاة))** واته: ئه‌ندازه‌ى نێوانى سوجده‌ى پێغه‌مبه‌رى خوا (صلى الله عليه وسلم) و ديوارى مزگه‌وته‌كه‌ به‌ئه‌ندازه‌ى ڕێڕه‌وى ڕۆشتنى (شاة) مه‌ڕێك بووه‌)).[9]

ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌يه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ى كه‌ پێغه‌مبه‌رى خوا (صلى الله عليه وسلم) له‌ناو مزگه‌وتيشدا ڕووبه‌ سوتره‌ نوێژى كردووه‌، وه‌فه‌رمووده‌كه‌ش وه‌ڵامه‌ بۆ شوێن كه‌وته‌و موقه‌ليدى حه‌نه‌فى يه‌كان..[10] كه‌ ده‌ڵێن سوتره‌ له‌ناو مزگه‌وت و ماڵ واجب نييه‌ و، ته‌نها له‌ ده‌شت و بيابان موسته‌حه‌ببه‌، ئه‌بوايه‌ موقه‌ليده‌كانيان شه‌رميان له‌م فه‌رمووده‌ بكردايه‌، به‌وه‌ى كه‌ به‌ڵگه‌يه‌كى ئاشكرايه‌ له‌سه‌ر واجبى سوتره‌ بۆ پێش نوێژ و نوێژ خوێنه‌كان له‌ناو مزگه‌وتدا، وه‌ بۆ ئه‌وه‌ى كه‌ سوتره‌ له‌ ناو مزگه‌وت و ماڵ و ده‌شت و بيابانداا جياوازى نييه‌ ...

---

[9]) متفق عليه: بوخارى (455/2) و موسليم (59/2) ريوايه‌تيان كردووه‌ .

[10]) كه‌ ده‌ڵێين حه‌نه‌فى يه‌كان مه‌به‌ست مان پێى ئيمامى ئه‌بو حه‌نيفه‌ نييه‌ ره‌حمه‌تى خواى لێ بێت، به‌ڵكو مه‌به‌ستمان پێى فه‌قيهه‌ موقه‌ليده‌كانى شوێن كه‌وته‌ى ئيمامى ئه‌بو حه‌نيفه‌يه‌، كه‌ ئيجتيهادى ئه‌و ده‌كه‌ن حوجه‌ بۆ كاره‌كانيان، ئيمامى ئه‌بو حه‌نيفه‌ ئيجتيهادى كردووه‌، ئه‌گه‌ر پێكاى ئه‌وه‌ دوو ئه‌جرى هه‌يه‌، ئه‌گه‌ر نا ئه‌وه‌ ئيشه‌ڵلا ئه‌جرێكى هه‌ر هه‌يه‌...

وه ئیمامی شەوكانیش وەلامی ئەم بۆچونە دەداتەوە و له (نیل الاوطار)دا دەفەرمویّت: ((**فائدة: إعلم أن ظاهر أحاديث الباب، عدم الفرق بين الصحارى والعمران وهو الذي ثبت عنه (صلي الله عليه وسلم) من اتخاذه السترة سواء كان في الفضاء أو في غيره**)). واته: سودێك: بزانه كه ڕواڵەتی فەرموودەكان كه لەبابی سوترەدا هێناومانه، هیچ جیاوازییەك یان تێدا نییه له نێوان دانانی سوتره له چۆڵەوانی و دەشت و دەردا بێت، یان ئاوەدانی، هەر ئەوەشه كه له پێغەمبەری خواوه (صلى الله عليه وسلم) جێگیر بووه، كه دانانی سوتره له چۆڵەوانی دا بێت یان له شوێنی تر جیاوازی نییه)).

**فەرموودەی پێنجەم:**

ئیمامی (ئەحمد) و (حاكم) به سەنەدێكی (صەحیح) له صەبورەی كوری مەعبەدەوه ڕیوایەتیان كردووه كه پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((**إذا صلا أحدكم فليستتر لصلاته ولو بسهم**)).[11] واته: ئەگەر كەسێكتان ویستی نوێژ بكات با شتێك له بەردەمیا دابنێت، ئەگەر تیرێكیش بوو هەر دای بنێت )). یەن ئەگەر به تیرێكیش بووه هەر سوتره دابنێت ...

---

[11] ) صحيح: سەعید سابق له (فقه السنه)دا باسی كردووه به دوورو درێژی، ئیمامی ئەحمد و حاكم به مەرفوعی ڕیوایەتیان كردووه، وه ئیمامی حاكم دەفەرمویّت صەحیحه لەسەر مەرجی موسلیم، هەیسەمیش دەڵێت هەموو پیاوەكانی ئەحمد پیاو چاكان، وه شێخ ئەلبانی له سلسیلەی صەحیحەدا به ژمارەی (2783) و صەحیحی ئیبن خوزەیمه پلەی صەحیحی پێداوه و دەفەرمویّت فەرموودەیەكی ڕاسته ...

**فەرموودەی شەشەم:**

ئیمامی بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە: **((كان أحياناً يتحرى الصلاة عند الأُسطُوَانَةِ التي في مسجده))**. واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەندێك جار كە نوێژی دەكرد ڕووی دەكردە ئەو كۆڵەكەی كە لەمزگەوتەكەیدا بوو)).

**فەرموودەی حەوتەم:**

بە صەحیحی هاتووە كە (جابیری كوڕە سەمورە) دەگێڕێتەوە: **((صَلَّيْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاةً مَكْتُوبَةً , فَضَمَّ يَدَهُ فِي الصَّلَاةِ فَلَمَّا صَلَى قُلْنَا : يَا رَسُولَ اللهِ أَحَدَثَ فِي الصَّلَاةِ شَيءٌ ؟ قَالَ :لَا, إِلَا أَنَّالشَّيْطَانَ أَرَادَ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيَّ فَخَنَقْتُهُ حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ لِسَانِهِ عَلَى يَدَيَّ, وَأَيْمُ اللهِ لَوْلَا مَا سَبَقَنِي إِلَيْهِ أَخِي سُلَيْمَانُ لَارْتَبَطَ إِلَى سَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ حَتَّى يَطُوفَ أو يلعب بِهِ وِلْدَانُ أَهْلِ الْمَدِينَةِ))**[12]. واتە: جارێكیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نوێژی جەماعەتمان دەكرد، كە لەنوێژەكەدا دەستی بەرز كردەوە وگوشی، پاش ئەوەی سەلامی دایەوە

[12]) صحيح: ئیمامی (دار القطنی) و (طبراني) بە سەنەدێكی صەحیح لە جابیری كوڕی سەمورە خوای لێ ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە، بە ژمارەی (1359) سەیری (الموسوعة الحديث بكة)، پاشان شێخ ئەلبانی لە (صفة الصلاة النبي) و (فقه السنة) و (تمام المنة) دا دەفەرمووێت فەرموودەكە سابت بووە كە صەحیحە، سەیری (تمام المنة) بكەرەوە (419)./ بەڵام ئەصلی فەرموودەكە لە بوخاری و موسلیمدا بە لەفزێكی دیكە هاتووە (مسلم 541).

وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە شتێك لە نوێژەکەدا ڕویدا؟ فەرمووی: نەخێر، بەڵکو شەیتان ویستی لەبەر دەممەوە بڕوات، منیش گرتم و خنکاندم هەتا هەستم بە ساردیی تەڕی زمانی (لیکەکەی) کرد بە دەستمەوە، پاشان فەرمووی: سوێند بەخوا ئەگەر لەبەر دوعاکەی سولەیمانی برام نەبوایە، ئەوە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەوە ئەمبەستەوە، هەتا منداڵ و خەڵکی مەدینە بێن و بیبینن و یاری پێ بکەن)).

**فەرموودەی هەشتەم:**

ئیمامی بوخاری و موسلیم لە عبداللە ی کوری عومەرەوە خوا لە خۆی و بابی رازی بێت دەگێڕنەوە: **((أن رسول الله صَلَى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ كان إذا خرج يوم العيد أمر بالحربة ، فتوضع بين يديه ، فيصلي إليها والناس وراءه. وكان يفعل ذلك في السفر . فمن ثمَّ اتخذها الأمراء)).** پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کاتێك ڕۆژی جەژن ئەچووە دەرەوە بۆ نوێژی جەژن (مصلاه)، فەرمانی ئەدا حەربەیەکیان ئەهێناو ئەیان دایە بەردەمی و ڕووبەڕووی نوێژی دەکرد، خەڵکەکەش لەدوایەوە بوون، جا ئەمەی لەسەفەردا کرد، دوایش ئەمیرەکان ئەو کارەیان کرد)).[13]

[13] ) متفق علیه: بوخاری و موسلیم و ئه بو داود و جکه ئه وانیش ریوایه یان کردووه...

**فەرموودەی نۆیەم:**

ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە لە ئەبی جوحەیفەوە ئەویش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە: **((رأيت بلالاً أخذ عنزة وركزها، وخرج النبي صلى الله عليه وسلم في حلة حمراء مشمراً صلى بالناس ركعتين، ورأيت الناس يمرون بين يدي العنزة)).**[14] واتە: بیلالم بینی کە گۆچانێکی هەڵگرتوو چەقاندی بە زەویدا، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە چادرێکی سوردا دەرچوو، وە دوو رکات نوێژی کرد بۆ خەڵکی، وە بینیم کە خەڵکی لەو دیوی گۆچانەکەوە تێپەڕ دەبوون، یان بە بەردەم گۆچانەکەوە تێپەر دەبوون)).

---

[14] متفق عليه: ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، تەواوی فەرموودەکەش بەم جۆرەیە:

**((عن ابي جحيفة عن أبيه قال رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم في قبة حمراء من أدم، ورأيت بلالاً أخذ وضوء رسول الله صلى الله عليه وسلم، ورأيت الناس يبتدرون ذلك الوضوء، فمن أصاب منه شيئاً تمسح منه، ومن لم يصب منه شيئاً أخذ من بلل يد صاحبه، ثم رأيت بلالاً أخذ عنزة وركزها، وخرج النبي صلى الله عليه وسلم في حلة حمراء مشمراً صلى بالناس ركعتين، ورأيت الناس يمرون بين يدي العنزة))** البخاري كتاب الصلاة، ومسلم كتاب الاذان.

**فەرموودەی دەیەم:**

پاشان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **((صلو كما رأيتموني اصلي)).**[15] واته نوێژ بكەن وەك چۆن من دەبینن نوێژ دەكەم)).

خۆ شتێكی ئاشكرایه كه پێغەمبەری خوا چەند پێداگر بووه لەسەر دانانی سوترەو نوێژ كردن ڕوو به سوتره، وه بەردەوام روو به سوتره نوێژی كردووه...

فەرموودەكانی دیكه كەلەسەر سوتره هاتوون زۆرن، بەڵام له باب و باسەكانی دیكه باسیان دێت به ئیزنی خوا...

[15]) متفق عليه: ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان كردووه .

# حوكمی سوتره له نوێژدا

# لەبەر ڕۆشنایی (ئاثار)ە صەحیحەکاندا

**یەکەم:**

شێخ ئەلبانی له کیتابی (صفة الصلاة النبي) دا ئەم (ئەثەر)ە باس دەکات کە هەندێك له هاوەڵەکان له (عبدالله ی کوری عومەر)ەوە دەگێڕنەوە: **((أنه كان إذا صلى في المسجد الحرام وضع بين يديه سترة))**.[16] واته: ئەگەر ئەو له مزگەوتی (حەرام)دا نوێژی بکردایە، ئەوە سوترەیەکی له پێش خۆیەوە دادەنا )). دیاره عبدالله ی کوری عومەر خۆی راوی فەرموودەی سوترەیە ...

پاشان ئەفەرمویێت ئەم کردارەی عبدالله ی کوری عومەر وەلامە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن سوتره لەناو مزگەوتدا واجب نییە، بەڵکو سوتره جیاوازی نییه و بۆ هەموو شوێنێك واجبە جا مزگەوتی گەوره بێت یان بچوك یان صەحراو دەشتایی، جیاوازی نییه....

**دووەم:**

یەحیای کوری ئەبی کەثیر دەگێڕێتەوە: **((رأيت أنس بن مالك دخل المسجد الحرام , فركز شيئا , أو هيأ شيئا يصلي إليه))**. واته: ئەنەسی کوری

---

[16] سلسلة الهدى والنور للألباني (385).

مالیكم بینی هاته ناو مزگەوتی حەرام، شتێكی دانا، و كردیه سوتره و نوێژی لەبەر دەمەوە كرد )).[17]

**سێیەم:**

هەروەها صالحی كوری كەیسان خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە :**((رأيت ابن عمر يصلي في الكعبة، فلا يدع احد تمر بين يديه يبادره)).**[18] واته: ئیبن عومەرم بینی لە كەعبە نوێژی دەكرد، كە نەیدەهێشت هیچ كەس بەبەردەمیدا تێپەڕێت ئیلا دەیگەڕاندەوە)). لەڕیوایەتێكی دیكەدا هاتووە دەفەرموێت: **((وَرَدَ ابن عمر في التشهد وفي الكعبة))**. واته: ئیبن و عومەر نەیدەهێشت كەس بەبەردەمیدا بڕوات لەكاتی خوێندنی تەحیات (تشهد)دا لەكەعبە )).

---

[17] ) صحيح الاسناد: ئيبن سعيد لة كيتابي (الطبقات) بة ذمارةى (7/18) ريوايەتی كردووە و دەڵێن سەنەدەكەی صەحیحە ...

[18] ) صحيح :رواه البخاري: وعلقه بصغه الجزم كما في (الفتح) (581/1) فتح البارى (582/1) و (التعليق) (247/2).

# حوكمی سوتره له نوێژدا

## لەسەر وته و كرداری زانایانی سەلەف

زانایان دەنگی جیاوازیان لەم بارەوە هەیە، هەندێك بۆ ئەوە چوون كه سوتره بۆ نوێژ واجبه، وه هەندێكی دیكه بۆ ئەوە چوون كه سوننەت بێت یان موستەحەب بێت ئەویش بە مەرجی خۆی كه باسیان كردووە...

**پۆلی یەكەم لە زانایان:**

پۆلی یەكەم لە زانایان بۆ ئەوە چوون كە سوترە واجبە بۆ نوێژ جا لە مزگەوتدا بێت یان ماڵ یان صەحراو دەشتایی، لەوانەش:

1-**ئیمامی شەوكانی:** كە لە (السيل الجرار) و (نيل الاوطار) ئاماژەی پێ كردووە و دەفەرموێت: ((**قوله: "فليصل إلى سترة" فيه أن اتخاذ السترة واجب**)) نيل الأوطار) واتە: وتەكەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە دەفەرموێت (نوێژ بكە ڕوو بە سوترە) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە سوترە واجبە بۆ نوێژ )). واتە فەرموودەكە بۆ وجوبە.

2- **هەروەها ئیبن خوزەیمە:**كە خۆی فەرموودەكە لە هاوەڵەكانەوە ڕیوایەت دەكات، پاشان تەعلیق لەسەر فەرموودەكە دەدات و دەفەرموێت بەڵگەیە لەسەر وجوبی سوترە بۆ نوێژ، وەك شێخ ئەلبانی لە (صفة الصلاة) نەقڵی ئەم وتەمان بۆ دەكات.

3- **ئیبن حەزمی ئەندەلوسی:** كە شێخ ئەلبانی دەفەرموێت: پێدەچێت لەسەر رواڵەتی وتەكانی ئەبو محمد، بۆ ئەوە چووبێت كە سوترە واجب بێت بۆ نوێژ كردن وەك لە (المحلى) ئاماژەی پێ كردووە...

4- **شێخ ئەلبانی:** رەحمەتی خوای لێ بێت بۆخۆشی یەكێكە لەو كەسانەی كە زۆر پێداگری لەسەر سوترە كردووە، هەتا بەو جۆرە ناوی ناوە (السنة المهجورة أو السنة المنسية) واتە سوننەتە وێڵ كراوەكە یان سوننەتە لەبیر كراوەكە، دیارە شێخ وەك خۆی دەفەرموێت كە دەڵێم سوننەت مەبەستم ئەوە نییە كە سوترە واجب نییە، بەڵكو مەبەستم ئەوەیە كە بەردەوام كاری پێغەمبەری خوا بووە (صلى الله عليه وسلم) وە زۆر جەختی كردووە لەسەری وەك لە فەرموودەكاندا بە صەحیحی هاتووە و سابت بووە ... وەك بەردەوام شێخ لەباسی سوترەدا بەڵگەی بەم فەرموودە دەهێنایەوە كە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: **((إذا صَلى أحَدُكُم فَليُصَلِ إلى السُترة وَليَدنُ مِنها لا يَقطَع الشَيطان عَليهِ صَلاتَهُ))**.[19] واتە: ئەگەر كەسێك لە ئێوە ویستی نوێژی بكات، با ڕوو بە ڕووی سوترەیەك یان بەربەستێك نوێژ بكات و، لێی نزیك ببێتەوە، بۆ ئەوەی شەیتان نوێژەكەی پێ نەبڕێت )).

---

[19]) صحيح: فەرموودەكە صەحیحە، ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەكەیدا بە ژمارەی (15756) ریوایەتی كردووە، وە ئەبو داود بە ژمارەی (695) و (نەسائی) بە ژمارەی (748) و (ئیبن خوزەیمە) بە ژمارەی (803) و ئیمامی سیوطي لە (صحيح الجامع الصغير)دا بە ژمارەی (650) هێناوییەتی، وە شێخ ئەلبانی رەحمەتی خوای لێ بێت لە (مشكاة المصابيح) و (تمام المنة) و (صفة الصلاة النبي) و (سیلسیلەی صەحیحە) و جگە ئەوانیش پلەی صەحیحی پێداوە و دەفەرمووێت فەرموودەیەكی صەحیحە ...

هەر بۆیه شێخ له كیتابی (صفة الصلاة) بابێكی گەورەی داناوه بەناوی (السترة و وجوبها في الصلاة) كه شێخ زۆر درێژەی بەم بابه داوه و ئەگەر كەسێك دیقەت بدات دەزانێت كه شێخ بەراستی هەقی زۆری داوه بەم سوننەته لەبیر كراوه، خوا له ئێمه و شیخ خۆش بێت و بیكاته مایەی خێر و چاكه بۆ قیامەتی...

پۆلی دووەم له زانایان بۆ ئەوه چوون كه سوننەت یان موستەحەببه، ئەویش:

مەزهەبی جەماهیره له هەر چوار مەزهەبەكه و (ئیبن حەجەری عەسقەلانی) و (ئیمامی نەوەوی) و (بەیهەقی) و (ئیبن روشد) و جگه ئەوانیش، كه وتەیان لەسەر سوننەتی سوتره داوه و، بۆ ئەوه چوون كه واجب نەبێت، ئەویش به بەڵگەی فەرموودەكەی ئیبن عەباس خوای لێ ڕازی بێت كه دەگێڕێتەوه: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) له (مینا) كه له چۆڵەوانیەكدا بوو پێش نوێژی بۆ خەڵكی دەكردو هیچی لەبەردەمدا نەبوو، واته سوتره...

لەسەر ئەمەش ئیمامی شافعی بۆ ئەوه چووه كه سوتره واجب نەبێت و، ئیمامی بەیهەقی و ئیبن حەجەری عەسقەلانیش پشت گیری قسەكەی ئیمامی شافعی یان كردووه ...

چونكه ئەوان دەڵێن: سوتره لەو شتانەیه كه بۆ كەمالی نوێژه، وه صیحەت و دروستی نوێژی لەسەر نەوەستاوه، واته به نەبوون یان نوێژ

بەتاڵ نابێت و دروستە، وەك بانگ و ڕێك كردنی سەفەكانی نوێژ، وە هیچ پەیوەندی بەناو نوێژو شێوازو هەیئەی نوێژەوە نییە...

وە ئیبن (روشید)یش كە بۆخۆی شوێن كەوتەی شافعی یە، دەفەرموێت: (( واتفق العلماء بأجمعهم على استحباب السترة بين المصلي، والقبلة، إذا صلى منفردا كان أو إماما، وذلك لقوله عليه الصلاة والسلام: (إذا وضع أحدكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل، فليصل)... )). واتە: وە هەموو زانایان بە كۆیان لەسەر ئەوە ڕێك كەوتوون كە سوترە موستەحەببە لە نێوان نوێژ خوێن و قیبلەدا، ئەگەر ئەو كەسە بەتەنها نوێژ بكات یان ئیمام بێت، ئەویش لەبەر وتەكەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە دەفەرموێت: **((إذا وضع أحدكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل، فليصل))**.

زانایانی چوار مەزهەبەكەش لەوانە ئیمامی (ئەبو حەنیفە) و (مالیك) ڕەحمەتی خوایان لێ بێت بۆ ئەوە چوون كە : سوترە بۆ نوێژ خوێن كاتێك موستەحەببە كە ترسی ئەوەی هەبێت كەسێك بە بەردەمی نوێژەكەیدا بڕوات، بەڵام ئەگەر ترسی ئەوەی نەبوو موستەحەب نییە سوترە دابنێت، بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفە بۆ ئەوە چووە كە موستەحەب نییە لەناو مزگەوتدا سوترە دابنرێت بەڵكو تەنها لە دەشتاییدا موستەحەببە سوترە دابنرێت ...

وە ئیمامی (شافعی) بۆ ئەوە چووە كە ڕۆشتن بە بەردەمی نوێژ خوێندا حەرام نییە، مەگەر سوترەی دانابێت، خۆ ئەگەر كەسێك بڕوات ئەوە تاوان بار دەبێت، وە ئیمامی (ئەحمەد)یش دەفەرموێت: ڕۆشتن

بەبەردەم نوێژ خوێندا حەرامە، خۆ ئەگەر كەسێك ڕۆشت بە بەردەم نوێژ خوێندا ئەوە دەبێت ڕێگری لێ بكرێت، وە ڕێگری كردنی واجبە، وەك دەفەرموێت: ((أن رد الجار واجب، فإن أبى فليقاتلة))، واتە گەڕاندنەوەی كەسی ڕۆشتو واجبە، ئەگەر هەر وازی نەهێناو ویستی بڕوات با شەڕبكات لەگەڵید)).وە كەسی ڕۆشتو تاوانێكی گەورەی كردووە، بەڵام نوێژەكە بەتاڵ نابێتەوە...[20]

## وتەی شێخ ئەلبانی لەسەر سوترە

(سەيید سابق) لە (تمام المنه)دا دەڵێت: (( موستەحەببە بۆ نوێژ خوێن كە لەبەردەم خۆیدا سوترەیەك دابنێت، بۆ ئەوەی كەس بە بەردەم نوێژەكەیدا نەڕوات خۆیشی لەوە بەولاوە نەڕوانێت)) ...

شێخ (ئەلبانی)یش ڕەدی دەداتەوە و دەفەرموێت:

((القول بالاستحباب ينافي الأمر بالسترة في عدة أحاديث ذكر المؤلف أحدها، وفي بعضها النهي عن الصلاة إلى غير سترة، وبهذا ترجم له ابن خزيمة في صحيحه فروى هو ومسلم عن ابن عمر مرفوعا: **(لا تصل إلا إلى سترة)** ...)).

[20] سەیری كیتابی (الفقة على مذاهب الاربعة) بكە دانانی عبدالرحمن الجزيری یە، باسی زیاتری تیایە لەسەر خیلافی زانایانی چوار مەزهەبەكە/ والله أعلم

واته: ووتنی پەسەندی یان موستەحەبی نەفی ئەو فەرموودانە دەكات كە دانەر یەكیانی هێناوەو فەرمان بە دانانی بەربەست دەكات، هەتا لە هەندێكیاندا قەدەغەی نوێژ كردن بەبێ بەربەست دەكات، هەر بەو شێوەیە ئیبن و خوزەیمە لە صەحیحەكەیدا باسی كردووە، جائەو و موسلیم بە مەرفوعی لە ئەبو هورەیرەوە ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: نوێژ مەكە بەرەو سوترە نەبێت )).

پاشان دەفەرموێت: ((وإن مما يؤكد وجوبها، أنها سبب شرعي لعدم بطلان الصلاة، بمرور المرأة البالغة والحمار والكلب الأسود، كما صح ذلك في الحديث، ولمنع المار من المرور بين يديه، وغير ذلك من الأحكام المرتبطة بالسترة، وقد ذهب إلى القول بوجوبها الشوكاني في: (نيل الأوطار/ 3: 2) و ( السيل الجرار / 1: 176) وهو الظاهر من كلام ابن حزم في:(المحلى: 4 / 8- 15).. )).

واته: جا ئەو بەڵگەیەی كە پاڵپشتە بۆ واجب بوونی سوترە، ئەوەیە كە هۆیەكی شەرعییە بۆ بەتاڵ نەبونەوەی نوێژ بە ڕۆشتن و تێپەر بوونی (ئافرەتی باڵغ و، سەگی رەش و، كەر)، بە بەردەمیدا – ئەگەر سوترەی دانابوو – وەك لە فەرموودە صەحیحەكەدا هاتووە، وە بۆ ڕێگرتن لە تێپەڕبوونی كەسێك كە بە بەردەمیدا بڕوات، جگە لەو حوكمانەی كە پەیوەستن بە سوترەوە، وە ئیمامی (شەوكانیش) بۆ ئەوە چووە كە سوترە واجبە، وەك لە (نيل الاوطار) و (سيل الجرار) دا ئاماژەی پێداوە، وە رواڵەتی وتەی ئیمامی ئیبن حەزم (ئەندەلوسی)یش هەر ئەوەیە كەواجب بێت، وەك لە (المحلى) دا ئاماژەی پێ كردووە ))

## حیكمەت له دانانی سوتره:

پێش هەموو شتێك پێویسته ئەوه بزانین كه دانانی سوتره بەندایەتی و عیبادەته بۆ خوای گەوره و نزیك بوونەوەیه لێی، وه ئێمه مولزەم نین بەوەی كه نهێنی و حیكمەتی هەموو شتەكان بزانین، بەلاٌم زانایان لەسەر روالەتی فەرموودەكان هەندێك حیكمەت یان داناوه لەسەر وجوبی سوتره، بەلاٌم مەرج نییه ئەوه هەمووی بن، رەنگه زۆر حیكمەت له دانانی سوترەدا هەبێت كه ئێمه نەی زانین، لەوانەش هەندێك له زانایان كه باسیان كردووه:

1-هەندێك دەفەرمون بۆ پاراستنی چاوی نوێژ خوێنه لەو شتانەی كه دەكەونه ئەو دیوی سوترەوه.

2-هەندێكی دیكه بۆ ئەوه چوون كه دانانی دەبێته هۆی پاراستنی نوێژ له بەتالٌ بوونەوەی، ئەویش به تێپەر بوونی سەگی رەش و گوێدرێژ و ئافرەتی بالٌغ بوو.

3- وه دەشلێن بۆ ئەوەیه هەتا نوێژ خوێن سەیری ئەملاولا نەكات و مەشغولٌ ببێت، بەو شتانەی كه لێوەی نزیكن.

4- هەندێكی دیكه بۆ ئەوه چوون كه سوتره دەبێته هۆكاری پاراستنی خشوع له نوێژدا و هۆكاریكه بۆ زیاد بوونی.

5- هەندێكی دیكه بۆ ئەوه چوون كه دەبێته هۆكاری دیاری كردنی شوێنی سوجده به نزیك بوونەوه لێی ..

6- هەندێکی دیکه بۆ ئەوە چوون کە دەبێتە نیشانەیەك بۆ کەسی نوێژ خوێن هەتا کەس بە بەردەمیدا نەڕوات و بزانن کە ئەمە نوێژ دەکات.

7- هەندێکی دیکە بۆ ئەوە چوون کە سوترە پەیوەندی بە شەیتانەوە هەیە، چونکە ڕۆشتنی شەیتان بە بەردەم نوێژدا نوێژەکە دەبڕێت، هەر بۆیە شەرع جەختی لەسەر کردووە چونکە مرۆڤ شەیتان نابینێت هەتا ڕێگری بکات و نەیەلێت بە بەردەمیدا تێپەڕێت.

8- هەندێکی دیکەش بۆ ئەوە چوون کە سوترە پارێزگاری دەکات لە پاراستنی نوێژ لە کەم و کورتی و خراپی و فەساد بوونی، وە خوای گەورەش واجبی کردووە بەندایەتی و پەرستشەکان بە چاکی ئەنجام بدرێن...

هەندێك لە هۆکارەکان لە وتەی ئیمامی شەوکانی و نەوەوی وەرگیراون، ڕەحمەتی خوایان لێبێت. والله أعلم

## ئەو شتانەی دەکرێنە ( سوترە ) بەر بەست :

هەندێك شت هەن کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کردوونی بە سوترە، خۆ ئەگەر ئەو شتانەش نەبن، بەڵام هەرشتێکی دیکە هەبن هەمان حوکمی ئەو شتانە بن ئەوە دەکرێنە سوترە، بەو شەرتەی لە زیراعێك یان باڵێك بەرزی یەکەی کەمتر نەبێت، واتە باڵێك کە ئەندازەکەی لە ئەنیشکەوە بۆ سەری پەنجەکانە کەمتر نەبێت...لەو شتانەش کە پێغەمبەری خوا وەك سوترە کاری پێکردوون: ڕم یان نێزە، حەربە یان نیوە

شمشێر، گۆچان، کورتان، دارسەرین یان پشتی، دیوار .... هەر شتێکی دیکەی هاوشێوەی ئەم شتانە دەکرێنە سوترە و بەربەست بۆ نوێژ خوێن ...

بەو بەڵگەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **((إذا صلا أحدكم فليستتر لصلاته ولو بسهم)).**[21] واتە: ئەگەر کەسێکتان ویستی نوێژ بکات با شتێك لە بەردەمیا دابنێت، ئەگەر تیرێکیش بوو هەر دای بنێت )). یەن ئەگەر بە تیرێکیش بووە هەر سوترە دابنێت ...

بەڵام لەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کردوونی بە سوترە، لە فەرموودەکاندا هەندێك یان باس کراون، لەوانەش:

### یەکەم: کۆڵەکەکانی ناو مزگەوت:

یەزیدی کوری ئەبی عوبەید دەگێڕێتەوە لەگەڵ سەلەمەی کوری ئەکوەعدا خوایان لێ ڕازی بێت، دەچوومە مزگەوتەوە، کە نوێژی ڕووبە کۆڵەکەکانی مزگەوت دەکرد، دەڵێت منیش پێم ووت: ئەی ئەبو سەلەم دەت بینم تۆ ڕووە و کۆڵەکەکان نوێژ دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: **((إني رأيت النبي (صلى الله عليه وسلم) يتحرى الصلاة عندها))**.[22] واتە: من

---

[21]) صحيح: سەيد سابق لە (فقه السنه)دا باسی کردووە بە دوورو درێژی، ئیمامی ئەحمد و حاکم بە مەرفوعی ریوایەتیان کردووە، وە ئیمامی حاکم دەفەرموێت صەحیحە لەسەر مەرجی موسلیم، هەیسەمیش دەڵێت هەموو پیاوەکانی ئەحمد پیاو چاکان، وە شێخ ئەلبانی لە سلسیلەی صەحیحەدا بە ژمارەی (2783) و صەحیحی ئیبن خوزەیمە پلەی صەحیحی پێداوە و دەفەرموێت فەرموودەیەکی راستە ...

[22]) صحيح: بوخاری لە (صحيح)ەکەیدا بە ژمارەی (480) ریوایەتی کردووە .

پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) دەبینی هەوڵی دەدا ڕووە و ئەم کۆڵەکانە نوێژ بکات )).

وە ئیمامی عومەر رەزای خوای لیّ بێت دەیفەرمووە: **((المصلون أحق بالسواري من المتحدثين إليها))**.[23] واتە: نوێژ خوێنەکان حەق ترن بە کۆڵەکەکانی مزگەوت، لەو کەسانەی کە قسەیان لەپاڵ دەکەن)).واتە: کۆڵەکەکان شیاوی نوێژ خوێنەکانە تا نوێژی لە بەردەمەوە بکەن لەوەی خەڵکی دانیشن و بۆ قسە کردن بیگرن، جا سەرنج بدە!

پاشان بە صەحیحی سابت بووە کە ئەنەسی کوری مالیك خوای لیّ ڕازی بێت دەیفەرموو: **((لقد رأيت كبار أصحاب النبي (صلى الله عليه وسلم) يبتدرون السواري))**. واتە: هاوەلە گەورەکانی پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) دەبینی هەولی ئەوەیان دەدا ڕووە و کۆڵەکەکانی مزگەوت نوێژ بکەن )).

**دووەم: خەنجەر یان حەربە (نیوە شمشێر):**

ئیمامی بوخاری و موسلیم لە عبداللە ی کوری عومەرەوە خوا لە خۆی و بابی رازی بێت دەگێڕنەوە: **((أن رسول الله صَلَى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كان إذا خرج يوم العيد أمر بالحربة ، فتوضع بين يديه ، فيصلي إليها والناس وراءه. وكان يفعل ذلك في السفر . فمن ثمَّ اتخذها الأمراء))**. پێغەمبەری خوا (صلى

[23] ) ئەمەش ئیمامی ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباری)دا باسی کردووە...

الله علیه وسلم) کاتێك ڕۆژی جەژن ئەچووە دەرەوە بۆ نوێژی جەژن (مصلاه)، فەرمانی ئەدا حەربەیەکیان ئەهێناو ئەیان دایە بەردەمی و ڕووبەڕووی نوێژی دەکرد، خەڵکەکەش لەدوایەوە بوون، جا ئەمەی لەسەفەردا کرد، دوایش ئەمیرەکان ئەو کارەیان کرد)).[24]

هەر ئەم فەرموودەشە کە حەنەفی مەزهەبەکان دەیکەنە موستەحەببی سوترە لە دەشت و دەردا، ئەوان ئەگەر لە بیابانێکدا نوێژ بکەن سوترە دادەنێن، ئەگەر سوترەش یان دەست نەکەوێت، ئەوە خەتێك لە جێگەی سوترەکە دەکێشن و دەیکەنە سوترە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەرموودە لاوازەی کە لە کتێبەکانی فەرموودەدا هاتووە و ریوایەت کراوە، بەڵام صەحیح نییە و دروست نییە کاری پێ بکرێت، خۆ کار پێکردنیش ئاشکرایە کە بیدعەیە...

**سێیەم: هەندێك جار پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وڵاخەکەی دادەنا لە نێوان خۆیی و قیبلە، واتە دەیکردە سوترە:**

عبدالله ی کوری عومەر خوا لە خۆیی و بابی رازی بێت دەگێڕێتەوە: **((أن النبي صلى الله عليه وسلم كان يعرض راحلته فيصلي إليها))**. واتە: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەندێك جار وڵاخەکەی دادەنا لە نێوان خۆی و قیبلە و، ڕووی تێ دەکرد لە نوێژەکەیدا، واتە دەیکردە سوترە)).

---

[24]) متفق علیه: بوخاری و موسلیم و ئە بو داود و جکە ئە وانیش ریوایە یان کردووە...

واته دروسته ئەگەر گیاندارێك له جێگەی خۆیدا جێگیر بوبێت بكرێته سوتره، بەو جۆرەی له مۆلگەی خۆی سابت بوبێت و نەڕوات...

وه ئیمامی نەوەویش دەفەرموێت: **((فيه دليل على جواز الصلاة الى الحيوان، وجواز الصلاة بقرب البعير، بخلاف الصلاة في أعطان الابل))**. واته: فەرموودەكه بەڵگەیه لەسەر ئەوەی كه دروسته ڕووەو ئاژەڵ نوێژ بكرێت، لەگەل ڕەوایی نوێژ كردن نزیكی وشتر، به پێچەوانەی نوێژ كردن له شوێنی ڕاگرتنی وشتردا )).شرح صحيح مسلم – المنهاج.

وه پێویسته نوێژ خوێن ئاگاداربێت، كه ئەم حوكمه شوێنی ڕاگرتنی وشتر ناگرێتەوه، لەبەر فەرموودەكەی: **((لا تصلوا فی مبارك الابل فإنها من الشياطين))**[25] واته :نوێژ مەكەن له مۆلگەی وشتردا، چونكه له شەیتانه )).

چونكه دوور نییه شەیتانی لەگەل نەبێت و مەكۆی شەیتان نەبێت و ڕێگری نوێژ كردنەكەش تێدا لەبەر ئەوه بێت، چۆن پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) ڕێگری كرد له نوێژ كردن لەو جێگای كه تێیدا غافڵ بوون بۆ نوێژی بەیانی، و (عیلەت) هۆكارەكەی گێڕایەوه و فەرمووی : **((ذلك المكان حضرنا فيه الشيطان))**.[26] واته: ئەوه ئەو شوێنەیه كه شەیتانی تێدا بوو لەگەڵ مان )).

---

[25]) صحيح : رواه ابو داود ( 493 ) ، واحمد (18067) ، وصححه الالبانی رحمه الله فی صحيح الجامع (7351).

[26]) صحيح: رواه ابو داود والترمذي وابن ماجه (الأرواء)

ئەوەشی كە بەڵگەیە لەسەر نوێژ كردن لە شوێنی ڕاگرتنی ئاژەڵەكانی دیكە ئەو فەرموودەیە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **((صلوا فى مرابض الغنم ولا تصلوا فى أعطان الابل))**.[27] واتە : نوێژ بكەن لە مۆڵگەی مەڕدا ، بەڵام نوێژ مەكەن لە مۆڵگەی وشتر دا )).

فەرمودەكە بەڵگەیە لەسەر دروستی (حەلاڵی) نوێژ كردن لە شوێنی ڕاگرتن (مۆڵگە)ی مەڕو، كردنی بە سوترە، وە نادروستی (حەرامی) نوێژ كردن لە شوێنی ڕاگرتن (مۆڵگە)ی وشتردا، ئەمەش گوتەی بەهێزی ئیمام (ئەحمەد)ە ڕەحمەتی خوای لێبێت، كە دەفەرموێت ((هەر كەس نوێژ بكات لە مۆڵگەی وشتر دا دەبێت نوێژەكەی بكاتەوە ))...

**چوارەم: كۆپان یان دارو تەختەی كورتانی وڵاخ (وشتر):**

ئیمامی بوخاری لە صەحیحەكەیدا بە ژمارەی (485) لە عبدالله ی كوری عومەرەوە خوا لە خۆی ی بابی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: **((كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يأخذ هذا الرحل، فيعدله، فيصلي إلى آخرته، أو قال مؤخره))**. واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەو تەختەی دوای كۆپانی وڵاخەكەی دەهێناو دای دەنا، یان دای دەمەزراند، وە ڕووی تێ دەكرد و دەیكردە سوترە )). وە عبدالله ی كوری عومەر بۆخۆی ئەم كارەی دەكرد، وە هەر خۆشی ئەم فەرموودەمان بۆ دەگێڕێتەوە، پاشان دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **((إذا وضع أحكم بين**

---

[27]) صحيح : رواه الترمذى (348) ، وصححه الالبانى فى صحيح الجامع (3787).

**يديه مثل مؤخرة الرحل فليصل ولا يبالي من مر وراء ذلك)).**[28] واته: ئەگەر كەسێك لە ئێوە وەك و ئەو دارەی لە بەردەستدا بێت كە وەك كورتانی ولاخ وایە، ئەوە با نوێژەكەی بكات، وە هیچ گوێ نەدات بەهەر كەس كە بەو دیوی سوترەكەدا بڕوات)).

**پێنجەم: دار یان درەخت:**

كە دەڵێین دار یان درەخت، مەبەست مان پێی قەدی دارەكەیە، نەك گەلاو گوڵەكەی، لەبەر ئەوەی لە فەرموودەیەكی (حسن) دا هاتووە كە ئیمامی (عەلی) خوای لێ ڕازی بێت بۆمانی دەگێڕێتەوە: **((لقد رأيتنا ليلة بدر وما منا إنسان إلا نائم إلا رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فإنه كان يصلي إلى شجرة ويدعو حتى أصبح)).**[29] واتە: شەوی (بەدر) كەسێكت لە

---

[28] ) ئەم دوو فەرموودە: لە بوخاری و موسلیم دا هاتوون بە جیا، بەلاَم ئەم فەرموودەیان تەڵحەش بۆمانی ریوایەت كردووە، كە لەفزەكەی بەم جۆرەیە: **((كنا نصلي والدواب تمر بين أيدينا فذكر ذلك لرسول الله صلى الله عليه وسلم فقال مثل مؤخرة الرحل تكون بين يدي أحدكم فلا يضره من مر بين يديه ))** ئیبن ماجە و جگە ئەوویش ریوایەتیان كردووە: وە مانای فەرموودەكە بەم جۆرەیە:

تەڵحە خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: ئێمە نوێژمان دەركرد، ئاژەڵ تێپەری بە بەردەمماندا، ئەمەمان بۆ پێغەمبەری خوا گێڕایەوە (صلى الله عليه وسلم)، ئەوویش فەرمووی: تەختەی دوای كۆپانی ولاخ بەسە لەبەردەمتا بێت، ئیتر هەرچی بەبەردەم نوێژەكەتدا تێپەری زیانی نییە بۆتان )).

[29] ) حسن الاسناد: ئیمامی ئەحمەد و نەسائی گێراویانەتەوە بە سەنەدێكی چاك/ شێخ ئەلبانی لە (صيفة الصلاة) دا دەفەرموێت سەنەدەكەی چاكە و پلەی حەسەنی پێداوە بە ژمارەی (823). والله أعلم

ئێمه نه‌ده‌بینی ئیلا هه‌موومان نوستبوین، ته‌نها پێغه‌مبه‌ری خوا نه‌بێت (صلى الله عليه وسلم) كه ڕووبه دارێك نوێژی ده‌كرد و ده‌پارایه‌وه هه‌تا نزیكی به‌ره به‌یان )).

**شه‌شه‌م: ڕووبه جێگه و پێخه‌فی نوستن:**

ئیمامی بوخاری له صه‌حیحه‌كه‌یدا و له بابی **(التطوع خلف المرأة)** دا له خاتو عائیشه‌وه خوای لێ ڕازی بێت بۆمان ده‌گێڕێته‌وه: **((ان النبي (صلى الله عليه وسلم) يصلي، وأنا راقدة معترضة على فراشه، فإذا أراد أن يوتر أيقظني، فأوترت)).** واته: پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) نوێژی ده‌كرد، وه منیش له نێوان ئه‌و و قیبله‌كه‌یدا راكشابووم له‌سه‌ر جێگای نوستنه‌كه‌ی، جا ئه‌گه‌ر ویستبای نوێژی (وه‌تر) بكات منیشی له خه‌و به‌خه‌به‌ر ده‌هێنا، وه منیش نوێژی (وه‌تر)م ده‌كرد )).

**حه‌وته‌م: چه‌قاندن و دانانی دارێك به زه‌ویدا:**

له فه‌رمووده‌یه‌كی دیكه‌ی صه‌حیحدا كه ئیمامی بوخاری و موسلیم له ئه‌بی جوحه‌یفه‌وه بۆمان ده‌گێڕنه‌وه، ئه‌بو جوحه‌یفه فه‌رموویه‌تی: **((خرج رسول الله (صلى الله عليه وسلم) بالهاجرة إلى البطحاء فتوضأ فصلى الظهر ركعتين والعصر ركعتين وبين يديه عنـزة تمر بين يديه المرأة والحمار)).** واته: ڕۆژێكیان له گه‌رمای نیوه‌ڕۆدا بوو، پیغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) هات بۆلامان، له (بطحاء) سه‌یلاوی مه‌ككه‌دا، و ده‌ست نوێژی شۆرد و، دوو ركات نوێژی نیوه‌ڕۆ و، دوو ركات نوێژی عه‌سری پێ كردین، وه له به‌رده‌میدا دارێك یان گۆچانێك چه‌قێنرابوو، كه له‌و دیو گۆچانه‌كه‌وه ئافره‌ت و گوێدرێژ تێپه‌ڕ ده‌بوون)).

# باس

## گێڕانەوەی كەسی ڕۆشتوو بە بەردەم نوێژ خوێندا

## وە باسێك لەسەر فەرموودەی ( فإن أبى فَليُقاتِلهُ ) و حوكمەكانی

ئەگەر كەسێك بەبەردەم نوێژخوێندا رۆشت دروستە بۆ نوێژخوێن بەدەستی ڕێگری لێ بكات و نەیەڵێت بڕوات.

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی كە ئیمامی موسلیم دەیگێڕێتەوە: رۆژێك ئەبی سەعیدی خودری نوێژی دەكردو سوترەیەكی دانابوو لەبەردەمیدا، وە (ئەبو صالحی سەممان) لەلایەوە نوێژی دەكرد، لەو كاتەدا لاوێكی (بەنومعیط) ویستی لەبەردەم ئەبو سەعیدەوە تێپەڕێت، ئەویش دەستی نا بەسنگیەوە و لاوەكەش سەیری كرد هیچ ڕێگایەكی تر نەبوو لەبەردەم ئەبو سەعیدەوە نەبێت، بۆیە گەڕایەوە بۆئەوەی تێپەڕێت، ئەمجارە ئەبو سەعید لەجاری یەكەم توندتر دەستی نابەسنگی لاوەكەوە، ئەویش وەستاو دەستی كرد بەجنێودان بە ئەبو سەعید، خەڵكی كۆبونەوە، پاشان لاوەكە چوو بۆلای مەڕوان و شكاتی لە ئەبو سەعید كرد لەسەرئەوەی لێی بینیووە، ئەبو سەعیدیش چوو بۆلای مەڕوان و مەڕوانیش پێی ووت: ئەوە چییە لەگەڵ ئەو برازایەتدا؟ وا شكاتت لێ دەكات؟ ئەبو سەعیدیش فەرمووی خۆم گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (( **إذا صلى احدكم إلى شيءٍ يستره مِن الناس، فأراد أحَدٌ ان يجتاز بَينَ يديه، فليَدفعهُ، فإن أبى فليُقاتلهُ إنما هُوَ شيطان** )).واتە: ئەگەر

كەسێكتان نوێژی ئەكردوو بەربەستی دانابوو بۆئەوەی لەخەڵكی بیپارێزێت، كەسێكیش ویستی بەبەر نوێژەكەیدا تێپەڕێت با ئەو نەیەڵێت و پاڵی پێوە بنێت، ئەگەر وازی نەهێناو نەگەڕایەوە باشەڕی لەگەڵ بكات، چونكە ئەوە شەیتانە )) ....

هەروەها: لەڕیوایەتێكی دیكەدا هاتووە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت: ((**إذا كان احدكم يُصلي، فَلا يَدعْ احداً تمر بَين يديه، فإن ابى فليقاتله فإن معه القرين**)).[30] واتە: ئەگەر یەكێكتان نوێژی كرد با ڕێگا نەدات هیچ كەس بەبەردەمیدا (یاخود لەبەردەمیەوە) بڕوات، خۆ ئەگەر هەر ڕۆیشت و كۆڵی نەدا، با لەگەڵیدا بەشەڕ بێت، چونكە ئەوە (قەرینی) لەگەڵدایە )). واتە: شەیتان فەرمانی پێ دەكات.

ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباری)دا دەفەرموێت:

(ئیسماعیلی) بە زاراوەی: (( **فإن أبى فليجعل يده في صدره ويدفعه، وهو صريح في الدفع باليد. ونقل البيهقي عن الشافعي أن المراد بالمقاتلة دفع أشد من الدفع الأول، وما تقدم عن ابن عمر يقتضي أن المقاتلة إنما تشرع إذا تعينت في دفعه، وبنحوه صرح أصحابنا فقالوا: يرده بأسهل الوجوهفإن أبى فبأشد، ولو أدى إلى قتله . فلو قتل فلا شيء عليه ؛ لأن الشارع أباح له مقاتلته، والمقاتلة المباحة لا ضمان فيها. ونقل عياض وغيره أن عندهم خلافا في وجوب الدية في هذه الحالة. ونقل ابن بطال وغيره الاتفاق على أنه لا يجوز**

---

[30] ) صحيح: موسليم ريوايە تی كردووە (506).

**له المشي من مكانه ليدفعه، ولا العمل الكثير في مدافعته؛ لأن ذلك أشد في الصلاة من المرور)).**

واته: ئەگەر هەر وازی نەهێنا و ویستی بڕوات، با دەست درێژ بکات بۆ سنگی و بیگێڕێتەوە)). ئەوەش ئاشکرایە لە ڕووبەڕوو بونەوە و گێڕاندنەوەی بە دەست، وە (بەیهەقی)یش لە (شافعی)یەوە نەقڵی کردووە: کە مەبەست لە (بە جەنگان یان شەڕکردن) گێڕاندنەوەیەتی بە توندی لە گێڕاندنەوەی یەکەم، وە ئەوەش کە پێشتر لە ئیبن عومەرەوە باس کرا، ئەوەیە کە شەڕکردن یان موقاتەلە ئەو کاتە دەبێت کە بیگەڕێنێتەوە، وە هاوەڵانمان بە ڕاشکاوی هەر بەهاوشێوەی ئەمە ئاماژەیان پێداوە ، وە وتوویانە: دەیگێڕێتەوە بە ئاسان ترین جۆر، بەڵام ئەگەر هەر هات و بێ گوێیی کرد ئەوە بە توند تر، ئەگەر گێڕاندنەوەکەی ببێتە هۆکاری مردنی، خۆ ئەگەر مردیش هیچی لەسەر نییە، چونکە شەرع شەڕکردنی لەگەڵدا بۆ موباح کردووە، وە شەڕکردنی (ئیباحە) زەمانی نییە، وە (عیاض) و جگە ئەویش نەقلیان کردووە: کە خیلافیان هەیە لە واجبی فیدیە لەم کاتەدا، وە (ئیبن بطال) و جگە ئەویش نەقلیان کردووە: کە کۆڕا لەسەر ئەوەیە کە بۆی نییە بڕوات و لەجێگەی خۆی بجوڵێت بۆ دوورخستنەوەی ئەو کەسەی بە بەردەمیدا دەڕوات، چونکە ئەوە زۆر توندترە لە نوێژدا لە ڕۆشتن بە بەردەم نوێژ خوێندا))...

ئیمام ئەحمەد (رحمه الله) دەفەرموێت:

**((أن رد الجار واجب))**. واتە: گەڕاندنەوەی کەسی ڕۆشتو بەبەردەم نوێژدا واجبە **((فأن لم يفعل فهو آثم))** وە ئەگەر هەر کەس نەیکات، واتە نەگەڕێتەوە تاوان باردەبێت...[31]

بۆ ئەمەش ئەوە دەکەنە بەڵگە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **((فليدفعة))** بابیگەڕێنێتەوە.کەڕاستی فەرمانەکە لەمەدا بۆ واجب بوونە (وجوب)، وە واجبییەکەش بەوە بەهێز دەبێت کە دەفەرموێت (صلى الله عليه وسلم): **((فإن ابى فليقاتلة))** واتە: ئەگەر هەر وازی نەهێناو ویستی بڕوات با شەڕبکات لەگەڵیدا، وە مەبەست لە **((فليقاتلة))** باشەڕی لەگەڵ بکات، ڕێگری کردنە لەکەسی ڕۆیشتوو بەبەردەم نوێژەکەدا بەتوندی، هەروەها فەرموودەکەی کە دەفەرموێت: **((لو يعلم الجار بين يدي المصلي......))**.

---

(31) سه یری ألانصاف بكه (602/3).

# ئەو شتانە ڕۆشتنیان بەبەردەم نوێژ خوێندا نوێژەکەی بەتاڵ دەکەنەوە:

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: **((فإذا لم يكن بين يديه مثل آخرة الرحل فإنه يقطع صلاته الحمار والمرأة والكلب الأسود))**[32].واتە: هەر کەس نوێژی کردو سوترەی دانەنابوو وە یەکێك لەمانە (سەگی ڕەش و گوێ درێژ و ئافرەتی بالغ بەبەردەمیدا ڕۆشت نوێژەکەی دەبڕێت) واتە بەتاڵی دەکاتەوە)).

ئەمەش وەڵامە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن (هیچ شتێك نوێژ نابڕێت) بەبەڵگەی ئەو فەرموودە (ضعیف)ە کە دەڵێت: **((إن الصلاة لايقطعُها شيء))**. واتە :هیچ شتێك نوێژ نابڕێت))، کە ئەمەش بەڵگە نییەو نابێتە (حوجە) چونکە فەرمودەیەکی لاوازەو (اضطرب) کراوە.[33]

هەرچەندە ئەم (فەرموودە) لەچەند شوێنێکی ترەوە ڕیوایەت کراوە بەڵام بەهەمان جۆر هەموویان لاوازن (ضعیف)ن.

---

[32]) صحيح: رواه ابن ماجه (719) ومسلم (1/365/510) والنسائي (2/63) و الترمذي (1/212/337) وابوداود (2/394/688) وصححه الالبانی (رحمه الله) .

[33]) ضعیف : فەرموودەکە لاوازە و صەحیح نییە، وە شێخ ئەلبانی (رحمە الله) پلەی لاوازی پێداوە لە (ضعيف سنن أبي داود) بە ژمارەی (116و 117) و هەروەها لە (سلسلة الضعيفة) (5661).

# حوكمی

## ئەو كەسەی كە ( ئافرەتی باڵغ ) یان ( سەگی رەش )

## یان ( گوێدرێژ ) بە بەردەم نوێژەكەیدا بڕوات:

ئەگەر كەسێك نوێژی دەكردو سوترەی دانابوو، وە ڕوو بە سوترەكەی نوێژی دەكرد، بەڵام ئافرەتێكی باڵغ یان سەگێكی رەش یان گوێدرێژێك لە نێوان خۆیی و سوترەكەیدا تێپەڕی، ئەوە پێویستە نەیەڵێت و بی گێڕێتەوە ئەگەر بە توندیش بووە، بەڵام ئەگەر هاتوو هەر ڕۆشت ئەوە نوێژەكەی بەتاڵ دەبێتەوە، وە پێویستە نوێژەكەی ببڕێت و درێژەی پێنەدات و، دووبارە نوێژەكەی بكاتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی كە ئەبو زەر بۆمانی دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **((تعاد الصلاة من ممر الحمار والمرأة والكلب الأسود وقال الكلب الأسود شيطان)).**[34] واتە: دەبێت نوێژەكەی بكاتەوە یان دووبارەی بكاتەوە، ئەو كەسەی كە گوێدرێژو ئافرەت (باڵغ) و سەگی رەش بە بەردەم نوێژەكەیدا بڕوات، وە فەرمووی سەگی رەش شەیتانە )).

---

[34] صحيح: فەرموودەكە راستە، شێخ ئەلبانی لە (السلسله الصحيحه) بە ژمارەی (3323) و (صحيح ابن حبان) پلەی صەحیحی پێداوە و دەفەرموێت فەرموودەیەكی صەحیحە.

# هەندێك لەو ئەحكامانەی

# كه پەیوەندییان به سوترەوه هەیه

**یەكەم:**

**سوترەی ئیمام سوترەیه بۆ ئەوانەی كه له دوایەوه نوێژ دەكەن، واته مەئمومەكان:** ئەگەر كەسێك له دوای ئیمامەوه نوێژی كرد بۆی نییه سوتره دابنێت، چونكه سوترەی ئیمام سوترەیه بۆ ئەو كەسانەی كه له دوایەوه نوێژ دەكەن، ئەمەش به فەرموودەی صەحیح و حەسەن سابت بووە، وه هیچ كەس نییه پێچەوانەی ئەمەی وتبێت، لەبەر بوونی بەڵگەی صەحیح له بارەیەوه، لەوانەش:

طەڵحە خوای لێ ڕازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوه پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: **((سترة الإمام سترة لمن خلفه)).**[35] واته سوترەی ئیمام سوترەیه بۆ ئەوانەی كه له دوایەوه نوێژ دەكەن)).

---

[35]) ئیمامی ترمزی ریوایەتی كردووه، بەڵام فەرموودەكه صەحیح نییه، بەڵكو بەلای زۆرینەی فەرموودە ناسانەوه لاوازه، وەك حافز ئیبن حەجەر له (فتح الباری) دا فەرموویەتی، بەڵام ئەبو عیسی دەفەرمووێت فەرموودەكەی تەڵحە راسته، بەڵام شێخ ئەلبانی له سونەنی ترمزیدا پلەی حەسەنی پێداوه به ژمارەی (335) و لەگەل (الارواء)دا وەدەفەرموێت فەرموودەكه پلەی حەسەنی پێدەدرێت له چەند ڕێگەیەكەوه، وه ئەهلی عیلم كاریان بەم فەرموودە كردووه....

پاشان هەندێکی دیکه له زانایان فەرموودەی **((إِنَّمَا الإِمَامُ جُنَّةٌ))**. کردووه به بەڵگه، که واتای زاراوەی فەرموودەکه دەڵێت: ئیمام قەڵغانه)).
وه هەندێك له زانایان دەفەرموون ئیمام قەڵغانه بۆ ئەوانەی له دوایەوەن هەتا بیان پارێزێت له کەم و کورتی..

هەروەها ئیبن عەباس بۆمان ریوایەت دەکات و دەگێڕێتەوە: سواری ماکەرێك (الاتان) بووم و تەمەنم نزیکی باڵغ بوون ئەبو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) له مینا نوێژی ئەکرد و خەڵکیش له دوایەوه، بەبەردەم چەند ریزێکدا بەولاخەکەوە تێپەڕیم و، پاشان ولاخەکەم بەڕەلا کرد بلەوەڕێ خۆم هاتم نوێژم دابەست لەگەڵیاندا ، وەکەس نکوڵی و ئیناکاری ئەو کارەی نەکردم ...

ئیمامی نەوەوە رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمویێت: **((فیه أن سترة الإمام سترة لمن خلفه، والله أعلم))**. واته: فەرموودەکه حوکمی ئەوەی تێدایه که: سوترەی ئیمام سوترەیه بۆ ئەوانەی که له دوایەوە نوێژ دەکەن، والله أعلم)).

---

[36] ) صحیح: موسلیم ریوایەتی کردووه، بەڵام تەواوی فەرموودەکه بەم جۆرەیه:
**(( إِنَّمَا الإِمَامُ جُنَّةٌ يُقَاتلُ مِنْ وَرَائِهِ ، وَيُتَّقَى بِهِ ، فَإِنْ أَمَرَ بِتَقْوَى اللهِ وَعَدَلَ فَإِنَّ لَهُ بِذَلِكَ أَجْرًا ، وَإِنْ أَمَرَ بِغَيْرِهِ فَإِنَّ عَلَيْهِ مِنْهُ وِزْرًا ))**. وه بەم زاراوەش هاتووه: **((إِنَّمَا الإِمَامُ جُنَّةٌ, فَإِذَا صَلَّى قَاعِدًا فَصَلُّوا قُعُودًا, وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ فَقُولُوا: اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ, فَإِذَا وَافَقَ قَوْلُ أَهْلِ الأَرْضِ قَوْلَ أَهْلِ السَّمَاءِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ))**.

[37] ) متفق علیه: بوخاری و موسلیم و هەر چوار سوننەنەکه ریوایەتیان کردووه.

هەروەها (سەيید سابق) له (فقه السنه)دا له بابی سوترەی ئیمامدا ئەم فەرموودەی هێناوە و شێخ ئەلبانیش بێدەنگەی لەسەر کردووە، پێدەچێت فەرموودەکە صەحیح بێت، ئەگەرنا شێخ ئەلبانی له (تمام المنة)دا هەر قسەیەکی لەسەر دەکرد، ئەویش له عەمری کوری شوعەیبەوە ئەویش له باوکی یەوە له باپیری یەوە هاتووە دەفەرمویێت: له بەرزایی ئەزاخیرەوە –کە جێگەیەکی نزیکە له مەککەوە- ئەهاتینە خوارەوە له گەڵ پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)، کاتی نوێژ هات، پێغەمبەری خوا بەرەو دیوارێك نوێژی دابەست، ئێمەش له دوایەوە نوێژمان دابەست، بەرخۆلەیەك هاتە بەردەمی، ئەوەندەی پاڵ بە بەرخۆلەکەوە نا هەتا سکی لکاند بە دیوارەکەوە، ئینجا بەرخۆلەکە هات و له دوایەوە تێپەری....[38]

روالەتی فەرموودەکە بەلگەی ئەوەی تێدایە کە سوترەی ئیمام سوترەیە بۆ ئەوانەی کە لەدوایەوە نوێژ دەکەن ... واتە ئەگەر کەسێك ویستی بە بەردەم مەئموم دا تێپەرێت دروستە، با ئافرەتێکی باڵغ یان گوێدرێژێکیش بێت، چونکە ئەم فەرموودە و فەرموودەکەی ئیبن عەباس بەلگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەمە ....

**دووەم:**

**سوننەت وایە بۆ کەسی نوێژ خوێن کە لە سوترەکەیەوە نزیك ببێتەوە:** زانایان بۆ ئەوە چوون کە سوننەتە نوێژ خوێن لە سوترەکەیەوە نزیك بێت، وە هەروەها ریزەکانی نوێژی جەماعەت، کە ئەوەندە لەیەك

[38]) ئیمام ئەحمەد و ئەبوداود گێراویانەتەوە .

نزيك ببنەوە تەنها شوێنی سوجدە بمێنێتەوە، ئەو ئەندازەش كە نوێژ خوێن لە سوترەكەیەوە نزیك بێت زانایان قسەی جیاوازیان هەیە لەبارەیەوە، وەك پێی دەڵێن: **(بين يدى المصلى)** هەندێك وەك (ئیبن المنذر) دەڵێن (سێ) باڵە لەقاچی نوێژخوێنەوە... كە ئەمەش مەزهەبی (حەنبەل) یەكانە.[39] وە لای هەندێكی دیكە تا كۆتایی شوێنی (سوجدە)كەیەتی ئەویش لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەكەی: **((إذا صَلى أحَدُكُم فليُصَلِ إلى السُترة وَلِيَدنُ مِنها لا يَقطعَ الشَيطان عَلَيهِ صَلاتهُ)).**[40] واتە: ئەگەر كەسێك لە ئێوە ویستی نوێژی بكات، با ڕوو بە ڕووی سوترەیەك یان بەربەستێك نوێژ بكات و، لێی نزیك ببێتەوە، بۆ ئەوەی شەیتان نوێژەكەی پێ نەبڕێت )).

فەرموودەكە ئاشكرایە لە فەرمان كردن بە نزیك بونەوە لە سوترە، پاشان ئیمامی بوخاری و ئەحمەد لە بیلالەوە خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕنەوە: **((كان صلى الله عليه وسلم يقف قريبا من السترة فكان بينه وبين الجدار ثلاثة أذرع)).**[41] واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

---

[39]) الأنصاف (94/2).

[40]) صحيح: فەرموودەكە صەحیحە، ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەكەیدا بە ژمارەی (15756) ڕیوایەتی كردووە، وە ئەبو داود بە ژمارەی (695) و (نەسائی) بە ژمارەی (748) و (ئیبن خوزەیمە) بە ژمارەی (803) و ئیمامی سیوطي لە (صحيح الجامع الصغير)دا بە ژمارەی (650) هێناوییەتی، وە شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (مشكاة المصابيح) و (تمام المنة) و (صفة الصلاة النبي) و (سیلسیلەی صەحیحە) و جگە ئەوانیش پلەی صەحیحی پێداوە و دەفەرمووێت فەرموودەیەكی صەحیحە ...

[41]) ئیمامی بوخاری بە ژمارەی (2/459) ڕیوایەتی كردووە ، ئیمام ئەحمەدیش لە موسنەدەكەیدا ڕیوایەتی كردووە.

كاتێك نوێژی دەكرد خۆی نزیك دەكردەوە له سوترەكەی، وە له نێوان خۆی و دیوارەكەدا ئەندازەی (سێ) باڵ بوو )). واته پێغەمبەری خوا كاتێك دەوەستا بۆ نوێژ كردن (سێ) باڵ له دیوارەكەوە دوور بوو))./ وە هەر لەگەڵ ئەمەشدا ئیمامی بوخاری و موسلیم له سەهلی كوری سەعدی ئەلساعدی، ریوایەتیان كردووە كه دەگێڕێتەوە: **((كان بين مصلى رسول الله صَلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَمَ وبين الجدار ممر الشاة)).** واته: ئەندازەی نێوانی سوجدەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و دیواری مزگەوتەكه بەئەندازەی ڕێڕەوی ڕۆشتنی (شاة) مەڕێك بووە )).[42]

بەڵام دەبینین هەندێك كەس زیارەوی دەكەن لەم سوننەتەدا، بەو جۆرەی كاتی وا هەیه ئەوەندە له سوترە نزیك دەبنەوە كه شوێنی سوجدەكەیان بۆ نامێنێتەوە، بۆیه كاتێك كه ئەچنە سوجدە كەمێك دەگەڕێنە دواوە، پاشان كه هەڵدەستنەوە دووبارە دەچنە پێشەوە له سوترەكە، ئەمەش هەڵەیەكی بەرچاوە لەناو ئەو كەسانەدا كه زیادە ڕۆیی دەكەن له نزیك بوونەوە ڕووبە سوترەكەیان ...

### سێیەم:

**دروستە كەسێكی دانیشتوو یان نوستو بكرێتە سوترە:** ئەگەر كەسێك چوویه ناو مزگەوتێك و شتێكی دەست نەكەوت بیكاتە سوترە، دروستە بۆی بچێتە پشتی كەسێكی دانیشتووەوە و، بیكاتە سوترە، هەروەها ئەگەر كەسێك نوستبو دروستە بكرێتە سوترە، چونكە سابت بووە كه

---

([42]) متفق عليه: بوخاری (455/2) و موسلیم (59/2) ریوایەتیان كردووە .

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕوو بە وشتر نوێژی کردووە و کردوویەتی بە سوترە، وەك لە فەرموودەکەی عبدالله ی کوری عومەردا هاتووە، خوا لە خۆیی و بابی رازی بێت، ئەگەر گیاندار بکرێتە سوترە ئەوە مرۆڤ هەقترە بەوەی بکرێتە سوترە، ئەمەش لە فەرموودەکەی خاتو عائیشەدا دیارە، کە دەگێڕێتەوە من وەك و جەنازە راکشابووم و، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕوو بەمن نوێژی دەکرد، یان من لە نێوانی پێغەمبەری خوداو قیبلەکەیدا وەك جەنازە راکشابووم، پاشان شێخ ئەلبانی لە (كتاب السترة)دا دەفەرموێت: دروستە بۆ نوێژ خوێن لەدوای کەسێکەوە نوێژ بکات و بیکاتە سوترە، چونکە ئەو کەسەی دانیشتووە بۆ ئەو کەسە وەك سوترە وایە کە نوێژ دەکات ... والله أعلم[43]

بەلگەش بۆ ئەمە لە کارو پیشەی پێشینانمان، ئەو (ئەثەر)ە صەحیحەیە، کە ئیبن (هانئ) لە (مسائله) لە ئیمام ئەحمەدەوە رەحمەتی خوای لێ بێت (ب1/لا66) دا دەلێت: **((رآني أبو عبدالله يعني إمام أحمد وأنا اصلي وليس بين يدي سترة، وكنت معه في المسجد الجامع فقال لي: أستتر بشئ فاستترت برجل ))**. واتە: ئەبو عبدالله کە ئیمام ئەحمەدە، بینیمی کە من نوێژم دەکرد، و لەبەردەممدا سوترە نەبوو، واتە روو بە سوترە نوێژم نەدەکرد، وە منیش لەگەڵ ئەو بوم لە مزگەوتی (الجامع)، پێی ووتم: شتێك بکە بە سوترە، یان بچۆ بەردەم سوترەیەك، منیش چوومە بەردەم پیاوێك و کردم بە سوترە )).

---

[43]) السنن المنسية للشيخ ناصر الدين الالبانى (ص3).

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە دروستە کەسی نوێژ خوێن بچێتە بەردەم کەسێکی دانیشتوو ... ئەمەش لە بابی چاکە کردنە ئەگەر کەسێك بینی کەسێکی دیکە لە دوایەوە نوێژ دەکات چاوەڕێ بکات و هەڵنەسێت لە جێگەی خۆی، هەتا ئەو کەسە نوێژەکەی تەواو دەکات....یان ئەگەر ویستی بڕوات با شتێك لە بەردەم نوێژ خوێنەکەدا دابنێت بۆ سوترە...

**چوارەم:**

**نابێت خەت بکێشرێت لەسەر ڕوی خاك و بکرێتە سوترە:** حەنەفی یەکان بۆئەوە چوون ئەگەر لە دەشت و بیابانێکدا بویت و شتێکت دەست نەکەوت بیکەیتە سوترە، دەتوانیت خەتێك یان هێڵێك لە بەردەمتا بکێشیت و بیکەتە سوترە، ئیتر هەرکەس بە بەردەمتا تێپەری لە دوای ئەو خەتەی کێشاوتە زیانی نییە بۆ نوێژەکەت، ئەوەشی کە دەیکەنە بەڵگە بۆ ئەم بۆچونەیان فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەیە کە دەگێڕێتەوە ئەبولقاسم (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: **((إذا صلى أحدكم فليجعل تلقاء وجهه شيئا فإن لم يجد فلينصب عصا فإن لم يجد فليخط خطا ثم لا يضره ما مر بين يديه))**. واتە: ئەگەر کەسێکتان ویستی نوێژ بکات با شتێك لە بەردەمیا دابنێت، ئەگەر هیچی دەست نەکەوت با دار دەستەکەی بچەقێنیت، واتە گۆچانەکەی، ئەگەر گۆچانی پێنەبوو، با هێڵێك (خەتێك) لە بەردەمیا

بكێشێت، ئەوكاتە هەرچی بە بەردەم نوێژەكەیدا تێپەڕێت زیانی پێناگەیەنێت )).[شقم]

**پێنجەم:**

**دەبێت ئەندازەی سوترە لە باڵێك یان زیراعێك كەمتر نەبێت**: زانایان ئەندازەی بەرزی سوترەیان بە ئەندازەی درێژی باڵێك داناوە، كە ئەندازەی باڵێك یان قۆڵێك لە ئەنیشكەوە بۆ سەری پەنجەكانە، یان ئەندازەی بەرزی كورتانی وڵاخە، وەك لە (تحفة الاحوذي)دا هاتووە كە ئیبن قودامەی مەقدسی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێت: **((وقدر السترة في طولها ذراع أو نحوه. قال الأثرم: سئل أبو عبد الله عن آخرة الرحل كم مقدارها؟ قال: ذراع، كذا قال عطاء ذراع، وبهذا قال الثوري وأصحاب الرأي، وروي عن أحمد أنها قدر عظم الذراع، وهذا قول مالك والشافعي. والظاهر أن هذا على سبيل التقريب لا التحديد، لأن النبي صلى الله عليه وسلم قدرها بآخرة الرحل، وآخرة الرحل تختلف في الطول والقصر، فتارة تكون ذراعا، وتارة تكون أقل منه، فما قارب الذراع أجزأ الاستتار به. والله أعلم. فأما قدرها في الغلظ والدقة فلا حد له نعلمه، فإنه يجوز أن تكون دقيقة كالسهم والحربة، وغليظة كالحائط، فإن النبي صلى الله عليه وسلم كان يستتر بالعنزة. انتهى. والعنزة عصا أقصر من الرمح لها سنان))**. واتە: ئەندازەی درێژی یان

---

[44]) ضعيف: فەرموودەكە لاوازە، و ناكرێتە بەڵگە، حافظ لە (التلخيص)دا دەفەرمووێت: فەرموودەی خەت كێشانەكە لاوازە، هەروەها ئیبن صەلاح و نەوەوی و عیراقی و ئیمامی مالیك بە لاوازیان لەقەڵەم داوە، پاشان شێخ ئەلبانی دەفەرمووێت: فەرموودەكە لاوازە و لە (ضعیف)ی ئیبن ماجە بە ژمارەی (943) پلەی لاوازی پێداوە ...

بەرزی سوترە نزیكەی باڵێكە، ئەثرەم دەڵێت: پرسیان لە ئەبو عبدالله لە بارەی كورتانی ولاخەوە كە ئەندازەكەی چەندەیە؟ وتی: باڵێك یان قۆڵێكە، هەروەها (عطاء)یش هەر وای وتوە كە باڵێك بێت، هەر لەسەر ئەمەش ثەوری و خاوەن رەئیەكان بۆ ئەوە چوون كە باڵێك بێت، هەروەها لە ئیمام ئەحمەدەوە دەگێڕنەوە كە بۆ ئەوە چووە ئەندازەی باڵێك بێت، ئەمەش وتەی ئیمامی مالیك و شافعی یە، وە ئەوەی ئاشكرایە بەڵگەیە لەسەر نمونەی نزیك كردنەوە نەك دیاری كردن و بەستنەوەی، چونكە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەندازەی بەرزی سوترەی بە ئەندازەی كورتانی داناوە، وە كورتانیش لە روی بەرزیی و كورتی یەوە جیاوازە و دەگۆڕدرێت، رەنگە هەندێك جار باڵێك بێت وە رەنگە هەندێك جار كەمتریش لەوە بێت، ئەوەی كە نزیك بێت لە باڵێكەوە دروستە بكرێتە سوترەو بەربەست، والله أعلم، بەلاّم ئەندازەكەی لە ڕووی پانی و باریكییەوە وا نازانم هیچ ئەندازەیەكی دیاری كراوی هەبێت، چونكە دروستە باریك بێت وەك تیرو حەربە، وە پانیش بێت وەك دیوار، چونكە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گۆچانەكەی كردووە بە سوترە)).

ئەوەی ئاشكرایە دەبێت سوترە باڵێك یان نزیك ئەندازەی باڵێك بێت، وە ئەندازەی باڵێك یان زیراعێك لە ڕووی شەرعەوە نزیكەی (61) سانتیمە ...[45]

[45] ئەمەش وتەی محمد صالح المنجد لە گۆشە فەتواكەیدا هاتووە، دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ پێگەی فەتواكەی بە ژمارەی (52581).

**شه‌شه‌م:**

**نوێژ كردن ڕوو به (میحراب) بری سوتره ناكه‌وێت:** ده‌بینین له زۆربه‌ی مزگه‌وته‌كاندا شتێك هه‌یه پێی ده‌ڵێن میحراب، وه زۆربه‌ی ئیمامه‌كان ڕوو به‌م میحرابانه نوێژ ده‌كه‌ن، وه جاری وا هه‌یه زیاتر له چه‌ند مه‌تر دوورن لێوه‌ی، به‌وه‌ی كه ناچنه ناو میحرابه‌كه‌وه، وه به حسابی خۆشیان ئه‌م میحرابه سوتره‌یه بۆیان، ئه‌مه‌ش بێ گومان دوو سه‌رپێچی تێدایه:

یه‌كه‌میان: ئه‌وه‌ی كه ئه‌و میحرابانه ناكرێنه سوتره، چونكه زۆر دوورن له ئیمامه‌وه، یان ئیمامی مزگه‌وته‌كان زۆر دوور لێوه‌ی نوێژ ده‌كه‌ن، ئه‌گه‌ر وابێت له حوكمی سوتره ده‌رده‌چێت...

دووه‌م: پاشان گریمان ئه‌گه‌ر ئیمامه‌كان نزیك به میحرابه‌كان نوێژیان كرد، خۆ دووباره كه‌وتوونه‌ته سه‌رپێچی یه‌كی دیكه‌وه ئه‌ویش ئه‌وه‌یه كه بوونی ئه‌و میحرابانه بیدعه‌یه و له مزگه‌وتی پێغه‌مبه‌ری خوادا نه‌بوون (صلى الله عليه وسلم) وه به‌نه‌صی فه‌رمووده‌ی صه‌حیح، ڕێگری كراوه له بوونی ئه‌م میحرابانه، وه‌ك عبدالله ی كوری مه‌سعود خوای لێ ڕازی بێت ده‌گێڕێته‌وه پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) فه‌رموویه‌تی: **((اتقوا هذه المذابح يعنى المحارب))**.[46] واته: خۆتان بپارێزن له‌و

---

([46]) صحيح : رواه الطبراني والبيهقي في سنه (439/2) ، والسنن الكبرى للبيهقي (4004) ، وصححه الألباني (رحمه الله) في صحح الجامع (120) ، والثمر المستطاب (473/1)/ روى ابن أبي شيبة عن سالم بن أبي الجعد قال لا تتخذوا المذابح في المساجد .

میحرابانه)).**/** هەروەها هاتووە دەفەرموێت: **((لاتزال هذه الأمة (أو قال أمتي) بخير ما لم يتخذوا في مساجدهم مذابح كمذابح النصارى ( أي محاريب))**.[47] واته: بەردەوام ئوممەتەکەم لەسەر خێر ماونەتەوە یان لەسەر خێرن، هەتا لەناو مزگەوتەکانیاندا میحرابیان وەك میحرابی نەصارا كان دانه نابێت، یان دروست نەکردبێت)).

**حەوتەم:**

## تێبینی یەکی گرنگ:

پێویستە ئەوکەسەی کە دوا دەکەوێت و، ئیمام سەلام دەداتەوە و ئەم هەڵدەستێتەوە بۆ ئەوەی نوێژەکەی تەواو بکات، بچێتە بەردەم سوترەیەك یان دیوارێك یان کۆڵەکەیەك یان ئەگەر هەر نەبوو، بچێتە بەردەم کەسێکی دانیشتوو، هەتا نوێژەکەی تەواو بکات، وە ئەم ڕۆشتنە کەمەش دروستە و نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە، وەکو باسیشمان کرد لە بابی چاکە و ئیحسانە ئەگەر کەسێك دابنیشێت و چاوەڕێ بکات هەتا ئەو کەسەی لە دوایەوە نوێژ دەکات

---

واسناده صحيح . ثم روى بسند صحيح عن موسى بن عبيدة قال رأيت مسجد أبي ذر فلم أر فيه طاقا . وروى آثارا كثيرة عن السلف في كراهه المحراب في المسجد/ زۆربەی مەلای مزگەوتەکان وادەزانن ئەم فەرموودە لاوازە و صەحیح نییە ، بۆیە ئەگەر پێیان بڵەیت مامۆستا لە میحرابدا نوێژ مەکە ، یەکسەر دەڵێت فەرموودەی میحرابەکە درۆیە !!

[47]) ئەم فەرموودەیان لاوازە و صەحیح نییە، شێخ ئەلبانی دەفەرموێت زەعیفە. والله أعلم

نوێژەکەی تەواو بکات و پاشان ئەم هەستێت، یان ئەگەر هەر ویستی بڕوات، با شتێك بۆ کەسی نوێژ خوێن دابنێت وەك سوترە و پاشان بڕوات...

# خولاصە و پوختەی کتێبەکە:

- دانانی سوترە واجبە بۆ نوێژ کردن، ئەگەر بە تیرێکیش بووە.
- دەبێت سوترە دابنرێت بۆ نوێژ کردن، جا لە مزگەوت و ماڵەوەدا بێت، یان لە دەشت و سەحرادا بێت.
- دانانی سوترە واجبە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.
- دەبێت کەسی نوێژ خوێن لە سوترەکەیەوە نزیك بێت، یان خۆی نزیك بکاتەوە لە سوترەکەی.
- دانانی سوترە تەنها پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە (جنی)یەکانیشەوە هەیە.
- ڕۆشتنی (جن) بە بەردەم نوێژ خوێندا نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، وە کەسی نوێژ خوێنیش جن نابینێت بۆیە واجبە سوترە دابنێت.
- ئەو کەسەی بە بەینی نوێژ خوێن و سوترەکەیدا دەڕوات واجبە دوور بخرێتەوە ڕێگری لێ بکرێت، ئەگەر بە هێزو شەڕیش بووە.
- ڕۆشتنی ئافرەتی باڵغ و گوێدرێژو سەگی ڕەش نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە و کردنەوەی نوێژەکە واجبە.
- سوترەی ئیمام سوترەیە بۆ ئەوانەی کە لەدوایەوە نوێژ دەکەن.

- دەبێت سوتره به ئەندازەی باڵێك یان زیراعێك بێت، خۆ ئەگەر به نزیكی ئەندازەی ئەوەش بوو هەر دروسته بكرێته سوتره.

- دروسته كەسێك یان گیاندارێك بكرێته سوتره، كاتی ناچاری و نەبونی سوتره، هەروەها پاش سەلام دانەوەی ئیمام دروسته نوێژ خوێن كەمێك بچێته پێشەوە یان دواوە بۆ ئەوەی له بەردەم كۆڵەكەیەك یان دیوارێك یان كەسێكەوە نوێژەكەی تەواو بكات.

- كچی باڵغ نەبوو، لەگەڵ منداڵدا دروسته به بەردەم نوێژ خوێندا تێپەر ببن، هەروەها ڕۆشتن لەم لاولای نوێژ خوێنەوە دروسته.

- ڕۆشتن بەبەردەم نوێژ خوێناندا كاتی نوێژی جەماعەت نوێژ بەتاڵ ناكاتەوە و دروسته.

*********

سوێند بێت به خوای گەورە، كه هەرچی لەم كتێبەدا باسم كردوون، لەسەر بیرو بۆچونی خۆم نەبووە، پاشان دەمارگیریم بۆ هیچ كەس و كتێب و مەزهەبێك نەبووە، وە هەوڵم داوە تەواوی حوكمەكان له بەر ڕۆشنایی فەرموودە و ئەسەرە صەحیحاكاندا بنوسمەوە، لەسەر تێگەیشتنی هاوەلان و زانا بەرێزەكانی پێشین مان، وە هەر هەڵەو پەڵەیەكیش هەبێت ئەوە دڵنیابن له دەستی من و، وەسوەسەی شەیتانەوە بووە، وە هەرچییەكیش ڕاست و صەواب بێت ئەوە له تەوفیق و عەونی خوای گەورەوە بووە، بۆیە تۆی خوێنەریش له دوعای خێر بێ بەشمان نەكەیت، وە داوا دەكەم له

خوای گەورە ئەم كارە بكاتە مایەی خێر بۆ دونیاو دوارِۆژ، وە ئیخلاص و ئیستیقامە بەمن و ئێوەش بدات ...

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم




مافی لەبەرگرتنەوەو بڵاوكردنەوەی بابەتەكانی پێگەی گزنگ پارێزراوە بۆ هەموو موسوڵمانێك